# کۆڕی زانیاری کورد
# له چەند بەڵگەنامەیەکی بریتانیدا

پ. د. سەعدی عوسمان هەروتی

بەشی مێژوو- کۆلێژی ئەدەبیات- زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر- هەرێمی کوردستان- عیراق

## پوختەی:

کۆڕی زانیاری کورد لەچوارچێوەی هەوڵەکانی بۆ گرێدانی رایەڵەی پەیوەندی لەگەڵ دەزگا زانستی ورۆشنبیرییەکانی دەرەوەی عیراق، لەئابی ١٩٧١ نوێنەرێکی بۆ ئەکادیمیای بریتانی هەنارد لە لەندەن. ئەم نوێنەرە کە (د.پاکیزە رەفیق حیلمی)ی ئەندانی ئەنجومەنی کۆڕ بوو، دیداری سکرتێری ئەکادیمیای بریتانی کردو دەستپێشخەری هاریکاری وپەیوەندی لەنێوان هەردوو دەزگادا کرد. بەڵام لایەنی بریتانی ئەم بابەتەیان خستەنێو هاوکێشەی پەیوەندیە نێودەولەتییەکانەوە. ئەمەش دوای ئەوەبوو کەسکرتێری ئەکادیمیای بریتانی هەواڵی داوەتە وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەی، وەکو لەم بەڵگەنامانەی بەردەستمان دەردەکەوێ.

لەم بەڵگەنامانەدا دەبینین کە بێجگە لەئەکادیمیای بریتانی، هەریەکە لەبەشی رۆژهەڵاتی نزیکی سەربە وەزارەتی دەرەوەو باڵیۆزخانەی بریتانیا لەبەغدا، ئەم پرسەیان تاوتوێ کردووەو لێکەوتەو رەهەندەکانی ئەم پەیوەندیەیان هەڵسەنگاندووە. لەئەنجامی توێژینەوەلەبەڵگەنامەکانی ئەو لایەنانە بەگشتی، دەتوانین بڵێین لایەنی بریتانی پێی راگەیەنراوە کە کۆڕی زانیاری کورد بە فەرمی لەعیراق دامەزراوە. بەڵام سەرۆکی کۆڕ (کە کاندیدی پارتی بوو) لەلایەن حکومەت سەپێنراوە، بێ ئەوەیشایستەی پۆستەکەو ئەندامیەتی کۆڕ بێ. لەلایەکی تر، هەرچەندەبەپێی (یاسای کۆڕی زانیاری کورد) ئەم دەزگایە لقێك بوو لە(کۆڕی زانستی عیراقی)، بەڵام بەرپرسانی بریتانی زانیویانە کە ئەو لەوە زیاترە لقێك بێ لەدەزگایەکی ترو دەسەڵاتی ئەوەشی هەیە پەیوەندی لەگەڵ دەزگا زانستیەکانی دەرەوەدا گرێبدا. ئەکادیمیای بریتانیش بەرژەوەندی لەوەدا بینیوە کە پەیوەندی لەگەڵ کۆڕدا ببەستێ، بەڵام هیچ لێکەوتەی خراپی لەسەر کارو چالاکییەکانی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

(قوتابخانەی شوێنەوارناسی بریتانی لەعیراق) نەبێ. هەرچی بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوە بوون، لاریان نەبوو کە ئەکادیمیای بریتانی پەیوەندی لەگەڵ کۆڕی زانیاریدا هەبێ، بەڵام دەیانویست ئەم پەیوەندیە لەلایەن حکومەتی عیراقییەوە پەسند بکرێ. هەرچەندە لایەنی بریتانی بەگشتی پێشبینی ئەوەیان نەدەکرد کە پەیوەندی گرنگ وکاریگەر لەنێوان ئەم دوو دەزگایەدا بێتە ئاراوە.

لەسەرێکی ترەوە، بەڵگەنامەکانی بەردەستمان بەگشتی ئەوەیان لێ دەخوێندرێتەوە کە بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا بۆچوونیان وابوو کە پەیوەندی بەستنی کۆڕی زانیاری و ئەکادیمیای بریتانی نابێتە هۆی نارەزایی بەرپرسانی عیراقی. بەڵام چونکە متمانەیان بە بەردەوامبوونی هەلومەرجی سیاسی عیراق نەبوو، بۆیە لەم بارەیەوە بەئاگایی هەنگاویان دەناو پێش هەر هەنگاوێکیش دەیانویست بارودۆخی ئەم وڵاتە هەڵسەنگێنن وپرس ورا بەحکومەتی عیراق بکەن. بریتانییەکان لەم ماوەیەدا زۆریان بەلاوە گرنگ بوو کەپەیوەندیان لەگەڵ حکومەتی عیراق ئاڵۆز نەبێ لەپێناو کورد. بەتایبەتی کەهێشتا بەرژەوەندی ئابوورییان لەم وڵاتەدا مابوو، نەخاسمە لەوەبەرهێنانە نەوتییەکان. لەبەرئەوە لەم ماوەیەدا هیچ هاوکارییەکی بزاڤی کوردییان نەکردووە لەدژی عیراق. سەرەرای ئەوەش هیشتا دەسەڵاتدارانی عیراق لەهەڵوێستی ئەم وڵاتە بەگومان بوون سەبارەت بەکورد. هەرچۆنێك بێ سەرەنجام ئەکادیمیای بریتانی لەلایەن وەزارەتی دەرەوە گلۆپی سەوزی پیشاندرا بۆ پەیوەندی بەستن لەگەڵ کۆڕی زانیاری کورد، بەڵام هیچ ئاماژەیەك نابینین بۆ هاتنەئارای پەیوەندی چاوەڕوانکراو.

***وشە سەرەکیەکان: ئەکادیمیا، ڕۆشنبیری، مێژوو، بریتانیا، بەڵگەنامە.***

## پێشەکی:

کۆڕی زانیاری کورد کە دوای ڕێکەوتننامەی ئاداری ١٩٧٠ و وەك یەکێك لەدەستکەوتەکانی ئەم ڕێکەوتننامەیە دامەزرا، دەزگایەکی ڕۆشنبیری زۆر گرنگ بوو بۆ کورد بەتایبەتی لەباشووری کوردستاندا. چونکە ئەمە یەکەم جار بوو کە دەزگایەکی ئەکادیمی وفەرمی ئەرکی پەرەپێدانی زانست وڕۆشنبیری کوردی بخاتە ئەستۆی خۆی. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش کۆڕی زانیاری هەنگاوی کردەیی زۆری نا و لەچەندین بواردا دەستکەوتی باشی هەبوو. دیارە یەکێك لەم هەنگاوانەش بەستنی پەیوەندی بوو لەگەڵ ئەکادیمیا ودامەزراوە زانستییەکانی وڵاتانی تر. لەنێویشیاندا ئەکادیمیای بریتانی، کە بابەتی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە.


Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئەم توێژینەوەیە چەند بەڵگەنامەیەکی فەرمی بریتانی دەخاتەڕوو کە تایبەتن بە دەستپێشخەرییەکی کۆڕی زانیاری کورد بۆ بنیادنانی پردی پەیوەندی لەگەڵ ئەکادیمیای بریتانی. بێگومان بەڵگەنامەکانیش پێشتر بڵاونەکراونەتەوەو بەپێی زانیاری توێژەر لەهیچ باس وتوێژینەوەیەکیشدا بەکارنەهێنراون. دیارە ئەمەش بایەخی ئەم توێژینەوەیە زێدەتر دەکات. ئەم بەڵگەنامانەکە بەرواری مانگەکانی ئەیلول وتشرینی یەکەمی ١٩٧١ یان بەسەرەوەیە، بریتین لەنامەیەکی سەرۆکی کۆڕی زانیاری کورد بۆ ئەکادیمیای بریتانی، لەگەڵ لەپێنج نامەی ئاڵوگۆڕکراو لەنێوان ئەکادیمیای بریتانی و وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەیان هەروەها باڵیۆزخانەی بریتانیا لەبەغدا. ئامانجی ئەم توێژینەوەیەئەوەیە ڕۆشنایی بخاتەسەر بەڵگەنامەکانو شرۆڤەیان بکات. بۆ ئەوەی ڕاستییە مێژووییەکان هەڵێنجێ سەبارەت بە هەڵوێستی فەرمی بریتانیا لەهەمبەر کۆڕی زانیاری کورد لەم قۆناغەدا. بێگومان ئەو هەڵوێستەش دەچێتە خانەی سیاسەتی گشتی ئەم وڵاتە بەرامبەر دۆزی کورد لەعیراقدا.

توێژینەوەکە بە دەروازەیەك دەستپێدەکات کە تایبەتە بە ناساندنی کۆڕی زانیاری کورد وسەرەتای دامەزراندنی. دواتر بابەتی سەرەکی بەڵگەنامەکان دیاری دەکرێ، ئینجا ئەم بەڵگەنامانە یەك لەدوای یەك دەخرێنەڕوو هەروەها شرۆڤەیان بۆ دەکرێ. لەکۆتاییشدا دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە بەدیاردەخرێن. هەرچی سەرچاوەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوا بێگومان بەشێوەیەکی بنەڕەتی بریتین لەو چەند بەڵگەنامە فەرمییەی کە لەئەرشیفی نیشتیمانی بریتانیا لە لەندەنهەڵگیراون. ئەوانیش تا ساڵی ٢٠٠٥ بەنهێنی پارێزرابوون و لەم ساڵەدا ئینجا پەردەیان لەسەر لادرا و خرانە بەردەستی توێژەران. ئاشکرایە کە ئەم بەڵگەنامانەش بەزمانی ئینگلیزین بەڵام لەمیانەی توێژینەوەکەدا دەکرێنە کوردی و بەدەقی خۆیان بڵاودەکرێنەوە. بێگومان لەشوێنی پێویست نەخاسمە لەدەروازەدا، هەندێ سەرچاوەی تر بەکاردەهێنرێن بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێ لایەنی باسەکە، بەتایبەتی هەندێ بەڵگەنامەی حکومەتی عیراقی کە خۆیان لەچەند بڕیار و یاسایەکدا دەبیننەوە، لەگەڵ چەند ژمارەیەکی (گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد) کە دەزگای ناوبراو دەریکردووە. سەرباری هەندێ یادداشت و توێژینەوەی مێژوویی، کە هەموویان لەکۆتاییدا لەلیستی سەرچاوەکانی توێژینەوە ڕیزبەند دەکرێن.

## دەروازە: پوختەیەك لەبارەی کۆڕی زانیاری کورد

لەناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە پێکهێنانی دەزگایەکی زانستی کە بایەخ بەزمان وکلتوری کوردی بدات، یەکێك بووە لەداواکانی ڕۆڵە دڵسۆزەکانی گەلی کورد.[1] دوای چەند هەوڵێکی ڕووناکبیران و دڵسۆزانی ڕۆشنبیری کوردی بۆ دامەزراندنی دەزگایەکی لەم



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

شێوەیە،[٢] لەکۆتایی سالانی شەستەکاندا ئاسۆی بەدیهێنانی ئەم ئامانجە ڕوونبۆوە؛ ئەوەبوو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کە ناوەندی سەرەکی بڕیار بوو لەعیراقدا، لە ٤-٨-١٩٦٨ دا بڕیاری ژمارە (٥٨)ی دەرکرد کە بڕگەی دووەمی تایبەت بوو بەدامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورد "مجمع علمي كردي". لەدەقی بڕیارەکەدا هاتووە کە ئەمە جێبەجێکردنی بەیاننامەی ژمارە (٣٥)ی بەرواری (٣-٨-١٩٦٨)ـە کە پەیوەستە بەچارەسەری مەسەلەی کورد، هەروەها بڕیاری جێبەجێکردنی ماددەی شەشەمی بەیاننامەی (٢٩)ی حوزەیرانە کە لە ساڵی ١٩٦٩ دا دەرچووە.[٣]

دوای دەرچوونی ئەم بڕیارە، چەند ئەکادیمی و ڕۆشنبیرێکی کورد کەوتنەخۆ بۆ قۆستنەوەی بڕیارەکە لەپێناو دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورد. بەگوتەی ئەکادیمی و ڕووناکبیری کورد (د. جەمال نەبەز) ئەم کۆڕە لەساڵی ١٩٦٩ دامەزراوە.[٤] لەکاتێکدا مێژوونووسی کورد (د. ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر) دەڵێ لەکۆتایی ساڵی ١٩٦٩ دا لەگەڵ هەندێ ڕووناکبیرو ئەکادیمی کورد بیرۆکەی دامەزراندنی (کۆڕ)مان تاوتوێ کردووە. بەڵام هەر خۆی ئاماژە بەوە دەکات کە دوای ١١ی ئاداری ١٩٧٠ کۆبوونەوەی فراوانتریان کردووەو ئەرکی دامەزراندنی (کۆڕ)یان بەهەندێ لە ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە سپاردووە.[٥]

لەڕاستیدا ئاماژە مێژووییەکان ئەوە دەردەخەن کەدوای ڕێکەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ هەنگاوی ڕاستەقینە بۆ دامەزراندنی (کۆڕی زانیاری کورد) نراوە. هەر ئەمە وای لەنووسەرێك کردووە کە وابزانێ لەڕێکەوتننامەی ناوبراودا "ئاماژە بەدامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورد (مجمع علمي كوردي) کراوە".[٦] لەکاتێکدا خاڵەکانی ئەم ڕێکەوتننامەیە کە حکومەتی عیراقی لەشێوەی بڕیار دەریکردووە، بەهیچ شێوەیەك ئاماژە بە (کۆڕی زانیاری کورد) ناکەن. تەنیا ئەوە نەبێ کە لەبڕگەی (أ)ی خاڵی سێیەمدا داواکراوە کە "پەلە بکرێ لەجێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەبارەی زمان ومافە ڕۆشنبیرییەکانی گەلی کورد...".[٧] بێگومان یەکێك لەو بڕیارانەش بڕیاری ژمارە (٥٨)ـە کەتییدا باسی دامەزراندنی (کۆڕی زانیاری کورد) کراوە، هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا. کەواتە ڕێکەوتننامەی ١١ی ئادار بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باسی لەکۆڕی ناوبراو کردووەو داوای دامەزراندنی کردووە.

سەرباری ئەمەش، ئەم کەشوهەوا سیاسییەی کە لەئەنجامی ڕێکەوتننامەی ١١ی ئاداردا هاتەئاراوە؛ بەتایبەتی ئاشتەوایی نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کورد وحکومەتی ناوەندی، هەروەها کرانەوەی حکومەت لەسیاسەتی بەرامبەر کورد ومافە ڕۆشنبیرییەکانی، ڕێگاخۆشکەر بوو بۆ دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورد. بۆیە (ئیحسان شێرزاد)ی یەکەم سەرۆکی کۆڕ دامەزراندنی ئەم کۆڕە بە "یەکێك لەدەستکەوتە گەورەکانی"



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینێن کوردی

ڕێکەوتننامـەی ١١ی ئـادار دادەنێـت.[8] لـەڕووی کرداریشـەوە هـەروابوو، چونکـە لەسـەرەتای نیسانی ١٩٧٠، واتە چەند هەفتەیەك دوای ڕێکەوتننامەکە، هەندێ ئەکادیمی وڕووناکبیری کورد لەیانەی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا کۆبوونەوەو لیژنەیەکیان بۆ دانانی دەستوری کۆڕ پێکهێنا. لیژنەکەش دوای چەند کۆبوونەوەیەك ئەرکەکەی ئەنجامداو دواتر پرۆژەی بەرنامەی کـاری (کـۆڕی زانیـاری کـورد) درایـە (وەزارەتـی کاروبـاری بـاکوور) بـۆ وەرگرتنـی ڕەزامەندی فەرمی.[9]

زۆری نەبرد ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عیراق لەدانیشتنی ڕۆژی ٢٩-٨-١٩٧٠ بەبڕیاری ژمارە (٩٩٦) دامەزراندنی (کۆڕی زانیاری کورد)ی پەسندکرد، کاتێ یاسای ژمارە (١٨٣)ی ساڵی (١٩٧٠)ی بۆ ئەم مەبەستە دەرکرد. ئەم یاسایە کە بە (قانون المجمع العلمي الكردي/ یاسـای کـۆڕی زانیـاری کـورد) نـاونرا، لـە (٢٥) مـاددە پێکهـاتبووو؛ لـەماددەی یەکەمدا ئەوە ڕوونکراوەتەوە کە (کۆڕی زانیاری کورد) لەکۆماری عیراقدا دادەمەزرێ و دەبێتە لقی کوردیی (کۆڕی زانستی عیراقی)، ئەم کۆڕە بەدەستەیەکی سەربەخۆی خاوەن کەسایەتی حەکەمی و سەربەخۆیی دارایی وکارگێڕی دادەنرێت ودیوانی سەرۆکایەتییەك بـەڕێوەی دەبـات، بـەڵام وەزیـری پـەروەردەو فێرکـردن دەبێتـە نوێنـەری لەبەرامبـەر لایەنـە تایبەتمەندەکان. ماددەکانی تریش تایبەت بوون بەئامانجەکانی کۆڕ و میکانیزمەکانی جێبـەجێکردنیان، هـەروەها پێکهاتـەی کـۆڕ ومەرجـەکان و جۆرەکـانی ئەندامیـەتی. لەکۆتاییشدا هۆکاری دەرچوونی یاساکە ڕوونکرابۆوە کە بەم شێوەیە بوو: "بەو پییەی دەستوری کاتی مافە نەتەوەییەکانی هاووڵاتیانی کوردی سەپاندووە لەنێو یەکێتی عیراقیدا و بەمەبەستی بایەخدان بەزمانی کوردی و ئەدەب وکەلەپوری هزری وشارستانی، بەپێویست زانـرا کـە کـۆڕێکی زانسـتی کـوردی دابمـەزرێ بـۆ ئـەوەی ئـەم ئەرکـە ڕابپـەڕێنێ وپەیوەندییـەکانی لەگـەڵ کـۆڕی زانسـتی عیراقـی و دامـەزراوە زانسـتی وزمانـەوانی وڕۆشنبیرییەکانی وڵاتانی عەرەبی و ئەوانی دیکە، بەتین بکات".[10]

دوای دەرچـوونی ئـەم یاسـایە، ئـەو کەسـانەی جێبـەجێکردنی یاسـاکەیان پـێ سپێردرابوو لـەکۆتایی سـاڵی ١٩٧٠ دا بەگـەرمی کەوتنـەخۆ بـۆ دامەزرانـدنی کـۆڕی نـاوبراو. دواتـر لەکۆبوونەوەیـەکی هاوبەشـی هـەردوو ئەنجومـەنی (کۆڕی زانسـتی عیراقـی) و (کـۆڕی زانیاری کورد)، دیوانی سەرۆکایەتی کۆڕ هەڵبژێردرا.[11] ئەم کۆبوونەوەیە کە لەسەر داوای وەزیری پەروەردەو بەئامادەبوونی ئەو بوو، لە ١٧-٣- ١٩٧١ لەتەلاری (کۆڕی زانستی عیراقی) بـەڕێوەچوو. دیـوانی سەرۆکایەتی هەڵبژێـدراویش پێکهـاتبوو لـە: ئیحسـان شـێرزاد (سـەرۆك)، عەزیز عەقراوی (جێگری یەکەمی سەرۆك)، شێخ محەمەدی خاڵ (جێگری دووەمی سەرۆك)، عەلائەددین سەجادی (ئەندام)، د. ناجی عەباس (ئەندام).[12]



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆلینێن کوردی

ئەنجومەنی کۆڕ دوای هەڵبژاردنی یەکەم (١٠) ئەندامی، بۆ جاری یەکەم لەڕۆژی ٢٧-٣-١٩٧١ کۆبۆوە. کۆڕی ناوبراو لەنیوەی یەکەمی ساڵی یەکەمی تەمەنی بەکاروباری کارگێڕی و خۆدامەزراندنەوە خەریکبوو.[١٣] لەم ماوەیەدا ئەندامانی کارای کۆڕ هەڵبژێردران کە ئەمانە بوون: ئیحسان شێرزاد (سەرۆکی کۆڕ)، شێخ محەمەدی خاڵ، عەبدوڵلا نەقشبەندی (دواتر بووە ئەندامی شەرەف)، مەسعود محەمەد، عەلائەددین سەجادی، د. پاکیزە ڕەفیق حیلمی، عەزیز عەقراوی، عەبدولرەحمان هەژار، د. ناجی عەباس، ئەحمەد عەلی عوسمان. د. کەمال مەزهەر (سکرتێری کۆڕ). هەروەها ئەندامانی شەرەف و ئەندامانی کارای دەرەوەو ئەندامانی یاریدەدەر دیاریکران و ئەندامانی لیژنەکانیش داندران.[١٤]

دوای دامەزراندن و خۆڕێکخستن، کۆڕی زانیاری کورد دەستی بەئەنجامدانی ئەرکەکانی خۆی کرد. سەرەڕای هەندێ ڕەخنە کەلێی دەگیرێ،[١٥] کۆڕ لەساڵانی بەرایی تەمەنیدا چەندین کاری گرنگی کرد و گەلێك بەرهەمی ڕۆشنبیری هێنایەبەر کەخزمەت بەکورد وکوردستان بکات. ئەوەبوو توانی بناغەیەك بۆ ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی بەپیتی عەرەبی دابنێ وچەندین زاراوەی کوردی دابڕێژێ و بیانهێتەکایەوە. هەروەها چەند لیژنەیەکی گەڕۆکی دانا بۆ کۆکردنەوەی زاراوەو دەقی فۆلکلۆری و دەستنووس لەناوچەکانی هەولێر و سلێمانی ودهۆك. ئەم لیژنانە گەلێك دەستکەوتی باشیان هەبوو، بەتایبەتی توانیان گەلێك دەقی فۆلکلۆری کۆبکەنەوە بۆ ئەوەی لەکتێبخانەی کۆڕ بپارێزرێن. لەڕاستیدا خودی ئەم کتێبخانەیەش کە دەوڵەمەند بوو بەچەندین کتێب ودەستنووسی گرنگ، یەکێکی دیکە بوو لەدەستکەوتەکانی کۆڕ. بێگومان دەرکردنی چەندین ژمارە لە (گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد)یش کارێکی بەبایەخی تری ئەم کۆڕە بوو، کە لەڕێگەیەوە چەندین نووسین وتوێژینەوەی گرنگ بەتایبەتی لەبوارەکانی ئەدەب وزمان ومێژووی کورد، بلاوکرانەوە. کۆڕی زانیاری چەندین کتێب ونامیلکەشی چاپ وبلاوکردەوە کە پڕبەهابوون. هەروەها دەستی یارمەتیشی بۆ ژمارەیەك نووسەری کورد درێژکرد بۆ لەچاپدانی بەرهەمەکانیان. سەرباری هەموو ئەمانە، کۆڕ توانی پردی پەیوەندی لەگەڵ دەزگا ئەکادیمی و ڕۆشنبیرییەکانی ناو عیراق و دەرەوەدا دابمەزرێنێ و هەروەها لەگەڵ چەندین زانا وکوردناسیشدا کەوتە پەیوەندی بەستن.[١٦]

دوای تێکچوونی پەیوەندییەکانی حکومەتی عیراقی و سەرکردایەتی کوردی، کەدواتر نسکۆی شۆڕشی کوردی بەدواداهات، حکومەت بەرەبەرە ئازادییەکانی کوردی بەرتەسك کردەوە. لەم چوارچێوەیەدا (کۆڕی زانیاری کورد)یش کارەکانی کەمبوونەوەو بەگوتەی د. مارف خەزنەدار "دەزگاکە زوو بەزوو بوو بەبلاوەخانەیێکی ئاسایی بێ هێز. زۆری پێ نەچوو ئەمەش ڕەوانەبینرا بەکورد"[١٧] وسەربەخۆیی لێ سەندرایەوە. ئەوەبوو لەساڵی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

(١٩٧٨)دا هەڵوەشایەوەو دواتر بەناوی (دەستەی کوردی) و وەك بەشێك لە (کۆڕی زانستی عیراقی) کەوتەوە کار.[١٨] سەرەڕای ئەوەش ئەم دەزگایەو چالاکییەکانی تا ڕووخانی ڕژێمی بەعس لەساڵی ٢٠٠٣ هەر بەردەوام بوون.[١٩] بەڵام بەگوڕو تینێکی زۆر کەمتر، بەتایبەتی دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١کە بەشێکی گرنگی کوردستانی باشوور ورۆشنبیرانی کورد پەیوەندییان لەگەڵ حکومەتی عیراقیدا نەما. لەسەرێکی ترەوە پەرلەمانی کوردستان لە ٢٨-١٢- ١٩٩٧ بڕیاری سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی کۆڕی دا بەڵام بەناوی (کۆڕی زانیاری کوردستان) کە دوای چەند ساڵێك گۆڕدرا بۆ ئەکادیمیای کوردی.[٢٠]

## بابەتی سەرەکی بەڵگەنامەکان:

لەماددەی چوارەمی (یاسای کۆڕی زانیاری کورد) کە تایبەتە بەئامرازەکانی جێبەجێکردنی ئامانجەکانی کۆڕ، بڕگەی (د) باسی پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ کۆڕی زانستی عیراق ودەزگا زانستی و زمانەوانی ورۆشنبیرییەکان لەوڵاتانی عەرەبی وهی دیکە، دەکات.[٢١] لەسەر ئەو بنەمایەو هەروەها لەسۆنگەی ئەوەی کە هەر دەزگایەکی زانستی تازەدامەزراو پێویستی بەیارمەتییە، کۆڕی زانیاری کورد هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە کەوتە پەیوەندیکردن بەدەزگا زانستی ورۆشنبیرییەکانی ناوەوەو دەرەوەی عیراق. سەبارەت بە پەیوەندیەکانی دەرەوە کە بابەتی سەرەکی ئەم تویژینەوەیە، کۆڕ چەند نوێنەرێکی خۆی بۆ وڵاتە عەرەبییەکانی میسر وسوریا ولوبنان هەنارد. لەنێو وڵاتانی ئەوروپاشدا یەکێتی سۆڤیەت و ئەڵمانیا و فەرەنسا و بریتانیا نوێنەری کۆڕیان بۆ نێردرا. لەبەرامبەریشدا چەند نوێنەرێکی ئەکادیمیای زانستی سۆڤیەت سەردانی کۆڕی زانیاری کوردیان کرد لەبەغدا. هەروەها کۆری ناوبراو چەند نامەیەکی بۆ دەزگا زانستییەکانی دەرەوەو بەتایبەتی بۆ کوردناسانی بێگانە نارد. سەرەنجام تا ساڵی ١٩٧٣ کۆڕ توانی پەیوەندی لەگەڵ ئەم دەزگایانە دابمەزرێنێ: لەمیسر کۆڕی زمانی عەرەبی وپەیمانگەی دەستنووس وزانستگەی توێژینەوەی عەرەبی. لەسوریاش کۆڕی زمانی عەرەبی و لەلوبنان کتێبخانەی زانکۆی ئەمریکی لەبەیروت. سەبارەت بەوڵاتانی ئەوروپا، یەکێتی سۆڤیەت پشکی شێری بەرکەوت لەم بوارەدا؛ چونکە لەم وڵاتەدا پەیوەندی لەگەڵ چەندین دەزگای زانستی بەسترا کە ئەمانە بوون: دەزگای ڕۆژهەڵاتناسی سەربە ئەکادیمیای زانستی سۆڤیەتی لە هەریەکە لە مۆسکۆ و لینینگراد[٢٢]، دەزگای گەلانی ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست، کۆڕی زانستی ئازەربایجانی سۆڤیەت، دەزگای ڕۆژهەڵاتناسی سەربە کۆڕی زانستی ئەرمەنستانی سۆڤیەت. لە (ئەڵمانیا)شدا دەزگای ڕۆژهەڵاتناسی لەشاری مینز کە ئەو دەمە سەربە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا بوو. لەگەڵ چەند دەزگایەکی تر.[٢٣]



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بەرهەمی ئەو پەیوەندیانەی کۆڕ لەگەڵ دەزگا زانستیەکانی دەرەوە، ئەوەبوو کە هەندێ زەمالەی خوێندنی بالا لەم دەزگایانە (بەتایبەتی لەسۆڤیەت) بۆ کۆڕ دابینکرا. دواتریش هەندێ قوتابی کورد بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی بەرز لەبوارەکانی زمان وئەدەب و مێژووی کوردو ئابووری کوردستان، نێردرانە ئەم وڵاتە. هەروەها ئەم دەزگایانە ژمارەیەکی زۆری کتێب وگۆڤاری بەسوودیان بەدیاری بۆ کۆڕ هەنارد، لەبەرامبەریشدا کۆڕ چاپەمەنیەکانی خۆی و بەرهەمی هەندێ نووسەری کوردی بۆ دەناردن. سەرباری ئەمانە، کۆڕی ناوبراو توانی لەم ڕێگەیەوە پردی پەیوەندی لەگەڵ هەندێ زانا و کوردناسانی دەرەوەدا دابمەزرێنێ و هانیان بدات بۆ توێژینەوەی زیاتر لەبارەی کورد.[٢٤] هەروەها وەکو سەرەتایەك بۆ سەلماندنی ئامادەبوونی لەکۆڕبەندە جیهانییەکاندا، کۆڕی زانیاری کورد نوینەری خۆی بۆ کۆنگرەی ڕۆژهەڵاتناسی نێودەولەتی نارد کە لەتەموزی ساڵی ١٩٧٣دا لەپاریس بەسترا. کاتێکیش کە بەبڕیاری ئەم کۆنگرەیە (کۆمەڵەی نێودەولەتی توێژینەوە کوردییەکان) دامەزرا، کۆڕی ناوبراویش بەشداری تێداکرد.[٢٥]

ئەم بەڵگەنامانەش کە لەم توێژینەوەیەدا دەخرینە بەرباس، پەیوەستن بەلایەنێکی ئەم پەیوەندییانەی کۆڕی زانیاری کورد بەنێوەندە زانستییە نێودەولەتییەکانەوە، بەدیاریکراویش لەگەڵ دەزگایەکی زانستی بریتانی؛ بەڵگەنامەکان لەئەرشیفی نیشتیمانی بریتانیا (British National Archive)لە لەندەن پارێزراون بەم ناونیشانە:

(FCO 17/1531, dept. of post: Near Eastern, File no. NEQ 1/3, Title: Problem of Kurds in Iraq)

پێشتر ئاماژەمان بەوەدا کە کۆڕ نوێنەری بۆ وڵاتی بریتانیا هەنارد. بەڵام سەرچاوەکانی بەردەستمان بەتایبەتی ڕاپۆرتەکانی بەرپرسانی کۆڕ، هیچ وردەکاری ترمان لەم بارەیەوە پێنادەن. لەکاتێکدا لەم بەڵگەنامانە دەردەکەوێ کە نوێنەرەکەی کۆڕ بۆ بریتانیا (د. پاکیزە ڕەفیق حیلمی) بوو، ئامانجی سەردانەکەشی ئەوەبوو کە چاویبەبەرپرسی (ئەکادیمیای بریتانی) بکەوێت ودەستپێشخەری بکات بۆ پەیوەندی بەستن وهاریکاری کردن. بەڵام سکرتێری ئەکادیمیای بریتانی یەکسەر بڕیار نادات و داوای ڕاوێژ ورێنمایی لە دەزگا پەیوەندیدارەکانی وڵاتەکەی دەکات، بەتایبەتیش وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا. چونکە ئەم پەیوەندیە لەگەڵ لایەنێکی دەرەکییەو دەکەوێتە ژێر ڕکێفی پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانەوە. ئەوەبوو چەند نامەیەکی فەرمی لەنێوان ئەکادیمیای بریتانی لەلایەك و وەزارەتی دەرەوەی ئەم وڵاتە وباڵیۆزخانەکەیان لەبەغدا لەلایەکی تر، ئاڵوگۆڕکران.بێگومان بابەتی سەرەکی نامەکانیش کۆڕی زانیاری کورد بوو. دیارە ئەوان لەهەموو لایەنێکەوە دەستپێشخەرییەکەیان هەڵسەنگاندووە و لێکەوتە و ڕەهەندەکانی پەیوەندی پێشنیازکراویان تاوتوی کردووە.هەروەها لێکۆڵینەوەیان لەبارەی کۆڕی ناوبراو و هەندێ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

لەئەندامانیشی کردووە. لەکۆتاییشدا بڕیاری خۆیان داوە، وەکو لێرەبەدوا لەمیانەی خستنەڕووی بەڵگەنامەکان بەدیاردەکەویت:

## بەڵگەنامەی یەکەم:

ئەم بەڵگەنامەیە کۆپی نامەیەکی سەرۆکی کۆڕی زانیاری کورد (ئیحسان شێرزاد)ە بۆ سەرۆکی ئەکادیمیای بریتانی، کە (د. پاکیزە ڕەفیق حیلمی) لەمیانەی دیداری سەرۆکی ئەکادیمیای ناوبراو، بۆ سەلماندنی نوێنەرایەتی کردنی کۆڕ پێشکەشی کردووە. نامەکە بەزمانی ئینگلیزی و بەتایپرایتەر نووسراوە، بێجگە لەکلێشەی سەرەوە ئەوەی لای ڕاست، کە خۆی بەکوردی وعەرەبییە. هەروەها تێبینی ئەوە دەکرێ کە نامەکە هیچ بەروارێکی لەسەر نیە، بێگومان ئەمەش کەموکورییەکە کە دەبێ ئاماژەی پیبکرێ. هەرچۆنێك بێ ئەمەی خوارەوە دەقی نامەکەیە بەکوردی:

بەناوی خوای گەورەی میهرەبان

[ لێرە لۆگۆی کۆماری عیراق هەیە]

| | |
|---|---|
| کۆڕی زانیاری کورد | ئەکادیمیای کوردی |
| المجمع العلمي الكردي | وەزیرییە - بەغدا |
| الوزيرية – بغداد | عیراق |

ئازیزم بەڕێز [ئەمە بەدەست نووسراوە]

جێگای خۆشحاڵیمە بە بەڕێزتان ڕابگەینم کە "ئەکادیمیای کوردی" دامەزرا بەپێی یاسایەکی عیراقی کە کۆپییەکی هاوپێچکراوە، بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئەو ئامانجانەی لێرەدا دیاریکراون.

ئەکادیمیا بایەخی تایبەت دەدات بەهاندانی خوێندن ولێکۆڵینەوەی زانستی لەبوارەکانی ڕۆشنبیری و مێژوو و زمانی کوردی، هەروەها پەرەپێدانی زمانی کوردی بۆ ئەوەی ببێتە ئامرازی گواستنەوەی تەکنەلۆژیای هاوچەرخ و ئەدەب وهونەر وزانست.

وەکو هەر ڕێکخراوێکی نوێ، ئەکادیمیای ئێمە پێویستی بەیارمەتی وپشتیوانی وهاوکارییە لەلایەن ئەکادیمیا ناسراو وڕێکخراوەکان.

ئێمە دڵنیاین کە ئەمەو پەیوەندیگەلێکی بەهێزتر لەنێوان ئێمە دەکرێ دابمەزرێ. هەر لەپێناو ئەمەی دواییشدا، ئێمە نوێنەری تایبەتی خۆمان، د. پ. ڕ. حیلمی کە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئەندامی ئەنجومەنی ئەکادیمیای ئێمەیە، ڕەوانەکردووە بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی دامەزراندنی کاریگەرترین ڕێبازەکان بۆ پێکهێنانی پەیوەندی لەمجۆرە.

لەگەڵ سڵاوی دۆستانە

دڵسۆزت

[ ئیمزا] پرۆفیسۆر ئـ. م. شێرزاد

سەرۆك

[پەراوێزێکی نووسراو] ئەندازیار ئیحسان شێرزاد

وەزیرێکی کوردە لەحکومەتی ئێستا (لایەنگری بارزانییە)(٢٦)

دوای ووردبوونەوە لەم بەڵگەنامەیە دەتوانین ئەم ڕاستییانە هەڵێنجین:

١. لەسەرەتای نامەکەدا سەرۆکی کۆڕ دامەزرانی (کۆڕی زانیاری کورد) ڕادەگەیەنێ و ئاماژە بەوەش دەکات کە پاڵپشتی یاسایی هەیە. دیارە کۆپییەکی لەیاساکەش هاوپێچکردووە بۆ پشتیوانیکردن لەشەرعییەتی دامەزراوەکەی وبەدەستهێنانی متمانەی بەرامبەر.

٢. لەنامەکەدا ناوی (ئەکادیمیای کوردی) بۆ ئەم دەزگایە بەکارهێنراوە.(٢٧) لە بەڵگەنامەکانی تریش هەر بەم شێوەیە ناوی کۆڕ هێنراوە، وەکو دواتر دەبینین. ئاشکرایە کە ووشەی (ئەکادیمیا)ش ناوە ڕەسەنەکەی ئەم جۆرە دەزگایە زانستییە،(٢٨) بەڵام لەعەرەبیدا دەستەواژەی (مجمع علمي) بۆ بەکارهێنراوە(٢٩) و هەر ئەمەش وەرگێڕدراوەتە سەر کوردی و بووە بە (کۆڕی زانیاری). هەرچەندە ئەم دەستەواژە کوردییە جێگەی ڕەخنەو مشتومڕێکی زۆر بوو لەنێوان ڕووناکبیرانی کورد.(٣٠)

٣. سەرۆکی کۆڕ بۆ ناساندنی دەزگاکەی، ئاماژە بەئامانجەکانی دەکات و بەتایبەتی باسی هاندانی لێکۆڵینەوەی زانستی دەکات لەبوارەکانی ڕۆشنبیری کوردی و پەرەپێدانی زمانی کوردی. دواتر پێویستیی کۆڕ بۆ پشتیوانی وهاوکاری دەخاتەڕوو.

لەکۆتاییدا سەرۆکی کۆڕ داوای پەیوەندی بەستن لەگەڵ ئەکادیمیای بریتانی دەکات و ڕوونی دەکاتەوە کە (د. پاکیزە ڕەفیق حیلمی) وەك نوێنەری کۆڕ نێردراوە تا گفتوگۆ لەبارەی ڕێگەو شێوازەکانی ئەم پەیوەندیە بکات. وەك ناساندنی ئەم نوێنەرەش ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو ئەندامی ئەنجومەنی کۆڕە. لەڕاستیدا (د. پاکیزە) یەکێك بووە لەو ڕووناکبیرە کوردانەی کە لەدامەزراندنی کۆڕ بەشدار بووە(٣١) و تەنانەت بۆ ئەندامیەتی



Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئەو لیژنەیەش هەڵبژێردراوە کە دانانی دەستوری کۆڕی پێ سپێردراوە.[٣٢] دوای دامەزرانی ئەم دەزگایەش بە ئەندامی کارا داندراوەو بەمەش بووەتە ئەندامی ئەنجومەنی کۆڕ.[٣٣]دەبێ ئاماژە بەوەش بدەین کە ئەو بڕوانامەی دکتۆرای لەزمانە کۆنەکان هێناوە لە وڵاتی میسر. هەروەها کچی ڕووناکبیرو سیاسەتمەداری ناسراوی کورد(ڕەفیق حیلمی ١٨٩٨- ١٩٦٠)یە.[٣٤]

## بەڵگەنامەی دووەم:

چەند ڕۆژێك دوای سەردانەکەی (د.پاکیزە) بۆ ئەکادیمیای بریتانی، سکرتێری ئەکادیمیا هەواڵی ئەم سەردانەو ئامانجەکەی بە دەزگاکانی تایبەت بەپەیوەندیە دەرەکییەکانی وڵاتەکەی ڕادەگەیەنێت، کە لەو ماوەیەدا بەفەرمی ناوی ( Foreign and Commonwealth office/وەزارەتی دەرەوەو کۆمۆنوێلس[٣٥]) بوو.ئەمەش دەقی نامەکەی سکرتێری ئەکادیمیای بریتانی (دی. ئێف. ئالن)ە بۆ (ئار. ئێم. ئیڤانس) بەرپرس لەبەشی ڕۆژهەڵاتی نزیك لە وەزارەتی ناوبراو:

دی. ئێف. ئالن، سی. بی،، ئێف. بی. ئەی ئەکادیمیای بریتانی

سکرتارییەت — بێرلینگتۆن هاوس، پیکادیللی

٦ ئەیلول ١٩٧١ — لەندەن، دەبلیو ئایڤی ئۆ ئێن ئێس

تلیفۆن: ٧٣٤٠٤٥٧ — ٠١

ئازیزم، بەڕێز ئیڤانس

پێش زیاتر لەحەفتەیەك سەردانێکمان هەبوو لەلایەن د. پی. ئار. حیلمی، ئەندامی ئەکادیمیای کوردی کە تازە پێکهێنراوە، بەمەبەستی بەستنی پەیوەندی لەگەڵ ئەکادیمیای بریتانی. پێدەچێ کە ئەکادیمیای کوردی وەك لقێکی ئەکادیمیای عیراقیتازە دامەزرابێ، بەسەرۆکێك، کە بەتەواوی جێگەی بەخێرهێنان نیە بۆ ئەندامیەتی، لەلایەن حکومەتی عیراقییەوە سەپێنراوە. من دانەیەکم هاوپێچکردووە لە نامەی پێشکەشکردنی د. حیلمی، کە سەرۆك بۆ منی ناردووە.

د. حیلمی ئاگادارییەکی زۆر کەمی پێداین سەبارەت بەسەردانەکەی یان مەبەستی ئەو سەردانە، هەروەها دەرفەتم نەبوو بۆ یەکلاییکردنەوەی خۆم لەسەر هەڵوێستێکی ڕاست بەرامبەر نوێنەرە کوردەکە. بۆیە، بەهەندێ ئاگادارییەوە، من پێشنیازی گفتوگۆم کرد. ئێمە وەك لایەنی پشتیوانیکەر لەقوتابخانەی شوێنەوارناسی بریتانی، بەرژەوەندی ئەرێنی وڕاستەوخۆمان لەمەدا هەیە، ئەوەی بۆ ئێمە زۆر گرنگە ئەوەیە کە

پێویستە هیچ هەنگاوێکی هەڵە نەنێین کە ببێتە هۆی کردنەوەی دەرگای سکاڵاو ڕەخنە یان لێکەوتەی خراپی هەبێت.

لەگفتوگۆ لەگەڵ (د. حیلمی) دا شتێکی ئەوتۆ بەدیارنەکەوت لەو لایەنانەی کەچاوەڕوان دەکرێ ببنە بنەمای پەیوەندی بەستن یان ئاڵوگۆڕی یارمەتی لەنێوان ئەکادیمیای کوردی وئێمەدا. هەرچەندە د. حیلمی پرسیاری کرد ئایا ئەکادیمیای بریتانی شاندێك دەنێرێتە عیراق بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ ئەکادیمیای کوردی وگفتوگۆ کردن لەگەڵیان، بەڵام وەڵامی من ئەوە بوو کە من وایدەبینم پێشنیازێکی لەمجۆرە دەبێ بەفەرمی و بەنووسراو بگەیەنرێتە دەستی ئێمە، ئینجا دەکرێ بخرێتە بەردەم ئەنجومەنی ئێمە بەڕێگەی ئاسایی کارکردن. د. حیلمی دواتر قسەی لەگەڵ د. سی. جی. ئیدمۆندز کردووە کە بێگومان تۆ دەیناسی، منیش لەمەوە زانیم کە پێدەچێ ئەو لەماوەی مانگێك یان شەش حەفتە بگەڕێتەوە ئێرەو داوەتنامەیەکی وەهای لەگیرفان دابێ. دەبێ (ئەمە لەوانەیە پێویستی بە تەکەزکردن هەبێت ) ڕەزامەندی فەرمی عیراقیشی لەگەڵدابێ.

من ئێستا بۆ تۆ دەنووسم بەمەبەستی ڕیپۆرتکردنی پەرەسەندنەکان و هەروەها داواکردنی ڕێنمونی دۆستانەی تۆ بۆ ئەوەی ئەم ئەکادیمییە لەئاستی سیاسیدا هەڵوێستێکی گونجاو وەربگرێ. بەرژەوەندی سەرەکی ئێمە، هەروەکو گوتم، ئەوە دەبێ کە قوتابخانەکە [قوتابخانەی شوێنەوارناسی بریتانی]لەبەغدا بپارێزین لەهەر جۆرە کاردانەوەیەك، بەڵام ئەگەر ئەمە ئەنجامدرا، ئێمە بێگومان بەشێوەیەکی گشتی خۆشحاڵ دەبین بەدامەزراندنی پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ ئەکادیمیای کوردی. بەڵام ئایا ئێمە کاری زۆر دەدۆزینەوە کە دەتوانرێ بەهاوبەشی بکرێ لەبوارەکانی زمانەوانی ومێژوویی وشوێنەوارناسی، بەلایەنی کەم بە تێچووێك کە لە سنووری تواناکانی ئێمە دابێ، لەم بارەیەوە من هەندێ گومانم هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا،ئێمە زۆر کاریگەر دەبینبەهاندانی ئێوە یان پێچەوانەکەی.

دڵسۆزت

[ئیمزای مستەر ئالن]

ئار. ئێم. ئیڤانس، ئی ئێس کیو

بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیك،

وەزارەتی دەرەوەو کۆمۆنوێلس،

لەندەن، ئێس. دەبلیو. ئێل[٣٦]

تێبینی و سەرنجەکانی تایبەت بە بەڵگەنامەی دووەم:



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

١. لەدەستپێکی نامەکەدا سکرتێری ئەکادیمیای بریتانی باسی ئەوە دەکات کە پێش زیاتر لەهەفتەیەك لەلایەن (د. پاکیزە) سەردانیکراوە. دیارە نامەکەش لە (٦ی ئەیلولی ١٩٧١) نێردراوە، کەواتە سەردانەکە لەکۆتایی مانگی ئاب بووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە کۆڕی زانیاری دوای چەند مانگێك لەدەستبەکاربوونی کەوتۆتە هەوڵی پەیوەندی بەستن لەگەڵ دەزگا زانستییەکانی دەرەوە. بۆیە نووسەری نامەکەش دەڵێ ئەکادیمیای کوردی تازە پێکهێنراوە.

٢. سکرتێری ئەکادیمیای بریتانی لەبارەی کۆڕی زانیارییەوە دەڵێ لقێکی (ئەکادیمیای عیراقی= کۆڕی زانستی عیراقی)یە. دیارە ئەمەشی لەیاسای (کۆڕی زانیاری کورد)ـەوە وەرگرتووە[٣٧] کە دانەیەکی لەگەڵ نامەکەی سەرۆکی کۆڕ هاوپێچکرابوو، وەکو پێشتر بینیمان.

٣. وەسفکردنی (ئیحسان شیرزاد)ی سەرۆکی کۆڕ بەوەی کە "بەتەواوی جێگەی بەخێرهێنان نیە بۆ ئەندامیەتی"، بەڕاستی جیگەی سەرسوڕمانە. چونکە ئەمە چەند رۆژێك دوای دیدارەکەی (د. پاکیزە)یە وهێشتا سەرۆکی ئەکادیمیا هیچ زانیارییەکی لەبارەی کۆڕەوە، لەسەرچاوە دیبلۆماسییەکانی وڵاتەکەی بۆ نەهاتووە. کەواتە ناچارین ئەوە بڵێین کە (د. پاکیزە) ئەم زانیارییەی بەسەرۆکی ئەکادیمیای بریتانی داوە. یان ئەم هەستەی لەلای ئەو دروستکردووە کە سەرۆکی کۆڕ قبوڵکراو نیە بۆ ئەندامیەتی کۆڕ، چ جای ئەوەی ببێتە سەرۆکی. لەڕاستیدا هەروابوو؛ ئەوەتا (مارف خەزنەدار) لەیادداشتەکانیدا نووسیویەتی: "بۆ مەسەلەی سەرۆکایەتی کۆڕی زانیاری کورد دەست نیشان کردنی ئیحسان شیرزاد کارێکی پەسند نەبوو ... سەرۆك وئەندامانی ئەم دەسگایە، نەوەکو تەنیا دەبێ کوردێکی پسپۆر بن، بەڵکو دەبێ نویشکی زانایانی زمانی کوردی بن. ئەو کەسانەی کوردی دەزانن، بەکوردی دەنووسن، شێوازی تایبەتییان لەنووسیندا هەیە، بەکوردی قسە دەکەن و بەکوردی پەروەردە بوون، ئەمەو ئنجا گەلێ مەرجی تریش، کەچی ئیحسان شێرزاد ئەمانە هەموویان نەبوو".[٣٨] هەر لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوە بدەین کە نەك هەر تەنیا سەرۆك، بەڵکو دەستەی بەڕێوەبردنی کۆڕی زانیاری و شێوازی دانانیان بەگشتی، لەلایەن رووناکبیرانی کورد جێگەی ڕەخنە بوون. ئەوەتا (جەمال نەبەز) دەڵێ: "کۆڕ... لەسەر بنچینەیەکی پتەو دانەڕێژرا. باری سیاسی کوردستان بەتایبەتی لەسالانی ١٩٧٠- ١٩٧٤ بەجۆرێك ئالۆزکاوبوو کە باوبوو بەباوی فشە کوردایەتی و پیاوی هەڵمەتەکاسە و ماستاو ساردکەرەوەش قسەی سواربوو. لەبەرئەوە زۆربەی ئەو دەزگا خوێندەواری و روناکبیری یانەی بەئەرك وفیداکارێتی یەکی بێ ئەندازەی رۆڵە بەغیرەتەکانی گەل هاتنەکایەوە، کران بەدیاری و پێشکەش بەوانەکران کە بەدرێژایی ی ساڵانە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لەتەڕ خواردیان و لەووشك نوستن و هەموو سەرمایەیەكیان خۆهەڵپەساردن بوو بەچەند سەركردەیەكی عەشائیری ... بەشێكی زۆری ئەوانەی لێ هاتوو و دڵسۆز و بەكارولێ زان بوون خرانە پشت گوێ و تووڕ هەڵدرانە دوور و ئەو كۆڕە زانیاری یەی كە دەبوو ببێتە موڵكی گەل، بوو بەموڵكی چەند كەسێك كە هێندیكیان تەنانەت سەرە واوێكیشیان لەووڕگدا نەبوو".[٣٩] گوتەكانی (مارف خەزنەدار)یش ئەمە دەسەلمێنێ، كاتێ لەبارەی ڕازینەبوونی بە ئەندامیەتی كۆڕ دەڵێ: "بۆ من جێی شانازی نەبوو كار لەم دەسگایەدا بكەم كە بەدەست خاوەنی ڕاستەقینەی خۆیەوە نەبێ".[٤٠]

٤. هەر لەو بەڵگەنامەیەدا هاتووە كە ئیحسان شێرزاد "لەلایەن حكومەتی عیراقییەوە سەپێنراوە". ئەمەش دیسان جێگەی تێڕامانە؛ چونكە وەك بینیمان، لەپەراوێزی بەڵگەنامەكەی پێشوودا نووسراوە كە ئەو "بارزانیستە" واتە دڵسۆزی بارزانییە. هەروەها لەگوتەكانی (مارف خەزنەدار)یشدا دەردەكەوێ كە ئەو بەهۆی نزیكبوونی لەپارتی دیموكراتی كوردستان ئەم پۆستەی پێدراوە.[٤١]كەواتە لەسەر داوای پارتی حكومەت ئەم كەسەی لەم پۆستەدا داناوە. بەدەربڕینێكی تر، ئەو كاندیدی پارتی بووەو بەفەرمانی حكومەت داندراوە.

٥. لەم بەڵگەنامەدا دەردەكەوێ كە سكرتێری ئەكادیمیای بریتانی "بەرژەوەندی ئەرێنی وڕاستەوخۆ"ی لەوەدا بینیوە كە پەیوەندی ڕۆشنبیری لەگەڵ دەزگایەكی زانستی عیراقی دابمەزرێنێ، با دەزگایەكی كوردیش بێ. بەڵام بەمەرجێك ئەم پەیوەندیە لەخزمەت (قوتابخانەی شوینەوارناسی بریتانی لەعیراق) دابێت و هیچ مەترسییەك لەسەر كارو چالاكییەكانی دروست نەكات لەم وڵاتەدا، چونكە ئەوان سپۆنسەری قوتابخانەكە بوون. بۆیە بەئاگادارییەوە هەڵسوكەوتی كردووەو پێشنیازی گفتوگۆی زیاتری كردووە. قوتابخانەی شوێنەوارناسی بریتانی لەعیراق (BSAI)یش كە بیرۆكەی (گیرترۆد بیل)[٤٢] بوو، لە ١٤ی كانونی دووەمی ١٩٣٢ لەعیراق دامەزرا.[٤٣]بەئامانجی یارمەتیدانی زانایانی شوێنەوارناسی بریتانی و قوتابیان، بۆ كاركردن لەعیراق یان لەسەر كەرەستە عیراقییەكان. ئەویش لەڕێگەی پارەدانی ڕاستەوخۆ بەكنەوپشكنینە شوێنەوارییەكان و پێشكەشكردنی دەرفەتی خوێندن وگەشتكردن. هەروەها یارمەتی زانایانی شوێنەوارناسیی عیراقیشی دەدا بۆ بڵاوكردنەوەی كارەكانیان لەڕێگەی گۆڤاری (Iraq BSAI). لەڕێگەی ئەم قوتابخانەیە كە مەڵبەندەكەی لەبەغدا بوو، كاری كنەو پشكنین لەچەندان جێگەی شوێنەواری لەعیراق كرا بەتایبەتی لەپەنجاكان و شێستەكانی سەدەی بیستەمدا. بەداهاتنی سەرەتای حەفتاكانیش ساڵانە نزیكەی (٧٠) قوتابی و توێژەری



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

میوانداری دەکرد. هەروەها ئەڵقەی بەیەکگەیشتنی نێوان زانایانی شوێنەوارناسی عیراقی و وڵاتانی دیکە بوو. کتێبخانەکەشی باشترین سەرچاوەکانی شوێنەوارناسی لەخۆگرتبوو.(٤٤)

٦. کۆڕی زانیاری کورد هەرچەندە لەسەرەتای دامەزراندنیەوە چالاکانە کەوتۆتەکارو هەوڵی بنیادنانی پەیوەندی داوە لەگەڵ ئەکادیمیای بریتانی وداوای هاریکاری زانستی کردووە. بەڵام لەم بەڵگەنامەیەدا دەردەکەوێ کە نوێنەری کۆڕ (د.پاکیزە رەفیق حیلمی) تێڕوانینێکی دیاریکراوی نەخستۆتەڕوو سەبارەت بەئاست وچوارچێوەی ئەم پەیوەندیەو بنەماکانی هاریکاری نێوان هەردوو دەزگای زانستی. بۆیە داوای ناردنی شاندێکی کردووە لەلایەن ئەکادیمیای بریتانی بۆ گفتوگۆ لەگەڵ بەرپرسانی کۆڕ لەعیراق. دیارە سەرۆکی ئەکادیمیاش داوای بانگهێشتی فەرمی کردووە بۆ ئەم شاندە. ئەمەش لەلایەک هەنگاوێکی فەرمی پێویست بوو، بەڵام لەلایەکی تر بۆ خۆدزینەوەی سکرتێری ناوبراو بوو لەبڕیاری خێرا و بەدەستهێنانی کات بۆ تاوتوێکردنی مەسەلەکە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان. دیارە نوێنەری کۆڕیش نیازی هەبووە بانگهێشتێکی لەمجۆرە ئامادە بکات. لەسەرێکی ترەوە، سکرتێری ئەکادیمیای بریتانی هەرچەندە پێی باش بوو پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ کۆڕی زانیاری کورد ببەستێ، بەڵام گومانی هەبوو لەوەی کە ئەم پەیوەندیە لەرووی کردارییەوە بگاتە ئاستێکی ئەوتۆ. لەبەر دڵنیانەبوونی لەهەبوونی کاری هاوبەش لەبوارەکانی زمانەوانی و مێژوویی وشوێنەوارناسی.

٧. دوای دیداری سکرتێری ئەکادیمیای بریتانی، (د.پاکیزە) چاوی بە (سی. جی. ئیدمۆندز) کەوتووە، کە کەسێکی شارەزا بوو لەکاروباری کوردستان وعیراق، هەروەها زمانی کوردی وعەرەبی وفارسیشی دەزانی. چونکە دوای سەپاندنی دەسەڵاتی بریتانی بەسەر عیراقدا، ئەو بۆماوەی نزیکەی (٣٠)ساڵلەم وڵاتەدا کاری کردو لەوێدا رۆڵی سیاسی بەرچاوی هەبوو، دواهەمینو بەرزترین پۆست کە لەم وڵاتەدا هەیبوو ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوەخۆی عیراق بوو تا ساڵی ١٩٤٥.(٤٥) ناوبراو لەبارەی کوردیشی نووسیوەو دیارترین نووسینەکانی کتێبی (کورد تورك عەرەب)ـە، کە سەرچاوەیەکی گرنگە لەبارەی کورد وڕەوشی کوردستان لەماوەی دوای جەنگی یەکەمی جیهانیدا.(٤٦) بەڕاستی ئێمە لەهۆکارو هەروەها ناوەڕۆکی چاوپێکەوتنەکەی نێوان (ئیدمۆندز) و نوێنەری کۆڕ ئاگادار نین، بەڵام پێدەچێ ئەویش هەر پەیوەست بێ بە ئەرکە سەرەکییەکەی نوینەری کۆڕ کەبریتی بوو لە بەستنی پەیوەندی لەگەڵ ئەکادیمیای بریتانی. چونکە سکرتێری ئەکادیمیای ناوبراو لە (ئیدمۆندز)ی زانیوە کە (د.پاکیزە) بەنیازە دوای چەند هەفتەیەك

بەداوەتنامەیەکی فەرمییەوە بگەڕێتەوە لەندەن. کەواتە ئەو پرس وڕاوێژی بە(ئیدمۆندز) کردووە. بەڵام دوور نیە بەستنی پەیوەندی زانستی لەگەڵ خودی (ئیدمۆندز)یش مەبەستێکی تری چاوپێکەوتنەکە بێ، چونکە پەیوەندیکردن بەکوردناسانی بیانی یەکێك بوو لەئامانجەکانی کۆڕی زانیاری کورد، وەکو لەدەروازەدا ئاماژەمان پێدا.

٨. ئەکادیمیای بریتانی هەرچەندە دەزگایەکی زانستی سەرەکی بوو لەم وڵاتەدا، بەڵام بۆ پەیوەندیە دەرەکییەکانی لەخۆڕا هەنگاوی نەناوەو لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئاگادارکردۆتەوەو هەروەها پرسی پێکردوون. دیارە ئەمەش لەبەرئەوە بوو کە دەیویست هەنگاو وکارەکانی هاوتەریب بن لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی.

## بەڵگەنامەی سێیەم:

ئەمەش نامەی (ئار. ئێم. ئیڤانس)ی بەرپرس لە وەزارەتی دەرەوەی بریتانیایە بۆ سکرتێری ئەکادیمیای بریتانی (دی. ئێف. ئالن)، لەوەڵامی ئەو نامەیەی کە بۆی ناردبوو:

[لۆگۆی وەزارەت] وەزارەتی دەرەوەو کۆمۆنوێلس

لەندەن ئێس دەبلیو ئێل

تلیفۆن ٠١ —

---

دی. ئێف. ئالن، ئی ئێس کیوسی. بی ئێف. بی. ئەی ئاماژەتان

ئەکادیمیای بریتانی

بێرلینگتۆن هاوس ئاماژەی ئێمە: ئێن ئی کیو ١/٣

پیکادیللی

لەندەن دەبلیو ئای ڤی ئۆ ئێن ئێس بەروار ١٦ ئەیلول ١٩٧١

---

سوپاس بۆ نامەکەی تۆ ئەوەی ٦ی ئەیلول لەبارەی د. حیلمی سەربە ئەکادیمیای کوردی.

من هاوڕام لەگەڵ تۆ کە ئەم مەسەلەیە بەتەواوی ڕاستەوخۆ بەڕێوەنەچێ هەروەها من پێم خۆشە کە باڵیۆزخانەکەمان لەبەغدا ئاگادار بکەمەوە لەم بارەیەوە. من دووبارە بۆت دەنووسمەوە بەم زووانە کە هەواڵم لەوان وەرگرت.

ئار ئێم ئیڤانس

بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیك[٤٧]



Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لـەم بەڵگەنامەیـە ئـەوەمان بـۆ ڕوون دەبێتـەوە کـە بەرپرسـانی وەزارەتـی دەرەوەی بریتانیا، پێیان باش بوو کە پەیوەندی بەستنی ئەکادیمیای بریتانی لەگەڵ کۆڕی زانیاری کورد،بەهاوئاهـەنگی لەگـەڵ ئـەوان و لـەچوارچێوەی سیاسـەتی بریتانیـا بەرامبـەر عیـراق، بـەڕێوەبچێ. بـەڵام ڕێنماییـان نەداوەتـە سـکرتیری ئـەکادیمیای بریتـانی تـا پـرس بـەباڵیۆزی وڵاتەکەیان دەکەن لەبەغدا و زانیاری تەواوی لێ وەردەگرن.

## بەڵگەنامەی چوارەم:

ئەم بەڵگەنامەیە نامەی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیایە بۆ باڵیۆزخانەکەیان لەبەغدا، سەبارەت بەکۆڕی زانیاری کوردو ئەگەری پەیوەندی بەستنی لەگەڵ ئەکادیمیای بریتانی، کە ئەمەی خوارەوە دەقەکەیتی:

[لۆگۆی وەزارەت]

وەزارەتی دەرەوەو کۆمۆنوێلس
لەندەن ئێس دەبلیو ئێل
تلیفۆن ٠١ –

---

ئەی سی دی ئێس ماکرای ئی ئێس کیو
بەغدا

ئاماژەتان
ئاماژەمان: ئێن ئی کیو ١/٣
بەروار: ١٦ ئەیلول ١٩٧١

---

ئەکادیمیای کوردی

١. مـن دانەیـەکم لـەو نامـەیەهاوپێچکردووە کـە ئێمـە لەبـەڕێز ئـالن ی سـکرتێری ئـەکادیمیای بریتـانی پێمانگەیشتووە، لـەبارەی سـەردانێك لـەلایـەن د. حیلمـی سـەربە ئـــەکادیمیای کوردی.هـــەروەها دانەیەکیشـــم هـــاوپێچکردووە لـــەو نامـــەی پێشکەشـکردنە کـە د. حیلمـی لەگـەڵ خۆیـدا هـەڵیگرتبوو. دەبـێ ئەمـە ئـەو ئەکادیمییـە بـێ کـە لەپـەرەگرافی دووی نامەکـەی ٢٧ی ئـاداری بـاڵیۆزدا هـاتبوو. سەرەڕای ئەوە ناتوانم لەڕاپۆرتەکانی دواتردا زانیاری لەبارەوە بەدەست بێنم.

٢. ئێمـە دەبـێ سوپاسـگوزار بـین بـۆ تێڕوانینـی جەنابـت لـەبارەی ئـەو ئامۆژگارییـەی کـە پێویستە بیدەینە بەڕێز ئالن: ئەگەر تۆ ڕازی بی، ئێمە پێمان خۆشە کە هانیبدەین بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی قبوڵکراونزیك بێتەوە.

٣. ئـەو سـەرۆکەی گوایـا لـەلایـەن حکومـەتی ناوەندییـەوە سـەپێنراوە (پـەرەگراف -١- لەنامەکەی بەڕێز ئالن)، دەبێ کەسێکیتر نەبێ بێجگە لەئەندازیار ئیحسان شێرزاد (کەسایەتی لاپەڕەی ژمارە ٤٩)، کە یەکێکە لەکوردە بارزانیستەکان [دڵسۆزەکانی

بارزانی] لەکابینەی ئێستا. ئێمە دەپرسین دەتوانرێ چیلەبارەی هەڵوێستی د. حیلمی هەڵێنجرێ بەرامبەر ئەو سەبارەت بەهاوسۆزی خۆی. ئایا ئەو بەگشتی ناسراوە لای باڵیۆزخانە؟

ڤیرۆنیکا بیکێت
بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک(٤٨)

ئەم بەڵگەنامەیە ئەم خوێندنەوانەی بۆ دەکرێ:

١. بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا لەهەمان ئەو ڕۆژەی کە وەڵامی سکرتێری ئەکادیمیای بریتانییان داوەتەوە سەبارەت بەنامەکەی، هەر لەو ڕۆژەش ئەو نامەیەو نامەکەی (ئیحسان شێرزاد)یان بەهاوپێچ بۆ بالیۆزی بریتانیا لەبەغدا ناردووە، بەمەبەستی ڕاوێژو وەرگرتنی زانیاری لەبارەی کۆڕ. ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە ئەوان ئەو مەسەلەیان بەهەند هەڵگرتووەو بایەخی تەواویان پێداوە.
٢. لەم بەڵگەنامەیەدا دەردەکەوێ کەباڵیۆزی بریتانیا لەبەغدا پێشتر لەنامەیەکی بۆ وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەی باسی (کۆڕی زانیاری کورد)ی کردووە. دیارە ئەوەش لە (٢٧)ی ئاداری هەمان ساڵ بوو، واتە ساڵی ١٩٧١. بێگومان ئەوەش هەمان ئەو ڕۆژە بوو کە کۆڕ تیایدا یەکەم کۆبوونەوەی خۆی بەست دوای هەڵبژاردنی یەکەم (١٠) ئەندامی ئەنجومەن. ئەمەش دوای چەند ڕۆژێك بوو لەهەڵبژاردنی دیوانی سەرۆکایەتی کۆڕو دەستبەکاربوونی، وەکو لەدەروازەدا ئاماژەمان پێدا. کەواتە باڵیۆزخانەی بریتانیا لەبەغدا بەبایەخەوە سەیری ئەم دەزگا زانستییە کوردییەی کردووەو دەستبەجێ هەواڵی دامەزران و دەستبەکاربوونی بەوەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەی گەیاندووە.
٣. هەرچەندە بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا داوای بۆچوونی باڵیۆزی وڵاتەکەیان کردووە لەبەغدا، سەبارەت بەکردنەوەی دەرگای پەیوەندی لەگەڵ کۆڕی زانیاری کورد، بەڵام دیارە خۆیان لەگەڵ ئەوەدابوون کە ئەکادیمیای بریتانی لەئاستێکی دیاریکراودا ئەم پەیوەندیە ببەستێ، ئەگەر بالیۆز ڕازی بێ.
٤. هەر لەو بەڵگەنامەیەدا دەردەکەوێ کە وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا زانیاری هەبووە لەبارەی کەسایەتی (ئیحسان شێرزاد)ی سەرۆکی کۆڕ. ئەوان دەیانزانی کە ئەو وەکو یەکێك لە لایەنگرانی مستەفا بارزانی وەزیرە لەحکومەتی عیراقیدا، خۆشی لەبنەڕەتدا ئەندازیارە. بەڵام دەیانویست لەهەڵوێستی (د.پاکیزە) بەرامبەر ناوبراو دڵنیابن وبزانن هەڵوێستی ڕاستەقینە بەرامبەر دانانی ئەو بەسەرۆکی کۆڕ، چۆنە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## بەڵگەنامەی پێنجەم:

ئەم بەڵگەنامەیەوەڵامی باڵیۆزخانەی بریتانیایە لەبەغدا بۆ وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەیان، سەبارەت بەکۆڕی زانیاری کورد و ئەگەرەکانی پەیوەندی بەستن لەگەڵیدا، کە ئەمە دەقەکەیتی:

نهێنی

[لۆگۆی وەزارەت]

باڵیۆزخانەی بریتانیا

بەغدا

٢٥ ئەیلول ١٩٧١

خاتوو ڤی. ئی. بیکێت

بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیك

وەزارەتی دەرەوەو کۆمۆنوێلس

ئازیزم ڤیرۆنیکا [بەدەست نووسراوە]

ئەکادیمیای کوردی

١. سوپاس بۆ نامەکەت ئێن ئی کیو ١/٢ [ڕاستەکەی ١/٣] لە ١٦ی ئەیلول بۆ کریستۆفەر.

٢. بەپێی مەرجەکانی ڕێکەوتننامەی ئاداری ١٩٧٠، ئەکادیمیای کوردی بەیاسای ژمارە (١٨٣)ی ساڵی ١٩٧٠ دامەزرا. ئەویش بە "لقی کوردی ئەکادیمیای زانستی عیراقی" ئەژمارکرا،هەروەها وادادەندرێ کە "قەوارەیەکی سەربەخۆیە و خاوەنی کاراکتەری یاسایی و سەربەخۆیی دارایی و کارگێڕی خۆیەتی". لەنێو ئەو ڕێگایانەی کە یاساکە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی لە پاراستن و پەرەپێدانی ڕۆشنبیری کوردی، بۆی دیاریکردووە، لەفراوانترین ئاستدا بریتییە لە: "بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەکادیمیای زانستی عیراقی و هەروەها لەگەڵ دامەزراوە ئەکادیمییە ڕۆشنبیری وزمانەوانییەکان لەجیهانی عەرەبی و وڵاتانی تردا". لەبەرئەوە لەوە زیاترە کە تەنیا "لقێکی" ئەکادیمیای عیراقی بێ. بۆیە پێدەچێ هیچ بیانوویەك نەبێ بۆ ئەوەی کە هەوڵەکانی لەپێناو بەستنی پەیوەندی لەگەڵ ئەکادیمیای بریتانی، لەگۆشەنیگای دەسەڵاتدارێتی عیراقییەوە بەناشەرعی دابنرێ.

٣. بۆیە بەبۆچوونی ئێمە، سکرتێری ئەکادیمیای بریتانی دەتوانێ بەشێوەیەکی قبوڵکراو پەیوەندی لەگەڵ د. حیلمی ببەستێ، بەتایبەتی کەدیارە ئەم پەیوەندییە پێدەچێ "دۆستانە" بێ زیاتر لەوەی "بنەڕەتی [جەوهەری]" بێ. لەگەڵ ئەمەش ئەگەر د. حیلمی داواتنامەیەکی فەرمی پێشکەشکرد کە ئەکادیمیا بتوانێ قبوڵی بکات،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بێگومــان دەبــێ ئــەوان كــاتی پێویســت بــۆ ئێمــە ڕەچاوبكــەن بــۆ خوێندنــەوەی كەشوهەوای سیاسی ئەو دەمەو هەروەها دڵنیایی لەوەزارەتی كاروباری دەرەوە وەرگرین – ئێمـە پێمـان باشـترە وابكـەین، ئەگـەر لـەدەقی داوەتنامەكـەدا ڕوون نـەبوو- كـە حكومەت بۆ سـەردانێكی لەمجۆرە نارەزایی نیە. ئـەوان بێگومـان لـەخۆڕا بـەگومانن لـەبارەی هەڵوێسـتی ئێمـە لەهەمبـەر كـوردان؛ هـەروەها، وەكـو بـەڕێز ئـالن گـوتی، گرنگـە كـە زیـان بەهەڵوێسـتی شلۆقی ئێسـتای قوتابخانـەی شوێنەوارناسـی بریتـانی نەگەیەنین لێرە.

٤. (هـەر بەسـەرپێیی ئێمـە نـازانین لەبـەر چ هۆكارێـك دانـانی ئیحسـان شـێرزاد، كـە لەڕاسـتیدا وەزیـری شـارەوانییەكانەو هـەروەها نیشـتیمانپەروەرێكی كـوردی باشـە، بەسەرۆك ئەكادیمیا جێگەی خۆشحاڵی نیە بۆ ئەندامەكانی).

ئیمزا]
سی. سی. دی ئای لیوتی ئی ئێس كیو
بەغدا(٤٩)

---

لەئـەنجامی لێكدانـەوەو شرۆڤەكردنی ئـەم بەڵگەنامەیەش دەتوانین ئـەم خاڵانـەی خوارەوە تۆمار بكەین:

١. باڵیۆزخانـەی بریتانیـا لەبەغـدا زانیویـەتی كـە كـۆڕی زانیـاری كـورد یەكێكـە لەدەستكەوتەكانی ڕێكەوتننامـەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠. هـەروەها سـەرنجی یاسای ژمـارە (١٨٣)ی سـاڵی (١٩٧٠)یـان داوە كـە لەوێـدا ئـەم كـۆڕە بـەلقێكی (كـۆڕی زانسـتی عیراقـی) ئـەژماركراوە، بـەڵام تێبینـی ئـەوەیان كـردووە كـە دەسـەڵاتەكانی واپیشـان دەدات كە ئەو زیاترە لەوەی تەنیا لقێكی دەزگایەكی تر بێت. بەتایبـەتی كـە بەپێی هـەمان یاسـا سەرپشـك كـراوە لەبەسـتنی پەیوەنـدی لەگـەڵ دەزگـا ڕۆشـنبیری و زانسـتییەكانی نـاوەوەو دەرەوەی عیـراق. هـەر لەسـەر ئـەو بنەمایـە بـاڵیۆزی بریتانیـا وایـدەبینی كـە دەستپێشـخەرییەكەی كـۆڕی زانیـاری كـورد بـۆ بەسـتنی پەیوەنـدی لەگەڵ ئەكادیمیای بریتانی، بەتەواوی شەرعییەو پێناچێ دەسەڵاتدارانی عیراق لەدژی بوەستن.

٢. لەسـۆنگەی ئەمـەوە، دیـارە بـاڵیۆزی بریتانیـا لەبەغـدا لاری نـەبووە لەبـەرپاكردنی پەیوەندی ئاسایی لەگەڵ كۆڕی زانیاری كورد. بەڵام بڕوای وابوو كـە ئـەم پەیوەندیـە ناگاتە ئاستی پەیوەندیەكی كاریگەر وبنەڕەتی.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

٣. لەم بەڵگەنامەیەدا بەئاشکرا دەردەکەوێ کە بەرپرسانی بریتانی لەم قۆناغەدا زۆر بەتەنگ ئەوەبوون کە حکومەتی عیراقی لەخۆیان نەڕەنجێنن لەپێناو کورد. بۆیە لە ئەگەری هاتنی شاندەکەی ئەکادیمیای بریتانی بۆ سەردانی کۆڕی زانیاری کورد لەبەغدا، دەیانویست پێشتر کەشوهەوای سیاسی وڵاتەکە هەڵسەنگێنن و هەروەها ڕەزامەندی حکومەتی عیراقیش وەربگرن. پێشتریش لەبەڵگەنامەی دووەمدا بینیمان کە سکرتێری ئەکادیمیای بریتانی تەکەزی لەسەر ئەوە کردبوو کە بانگهێشتەکەی کۆڕی زانیاری بۆ ئەکادیمیای بریتانی، دەبێ ڕەزامەندی حکومەتی عیراقی لەگەڵ بێ. دیارە بەرپرسانی بریتانی لەم بەڵگەنامانەی بەردەستمان ئەم دڵڕاگرتنەی حکومەتی عیراقی دەگێڕنەوە بۆ هەوڵی پاراستنی پێگەی قوتابخانەی شوێنەوارناسی بریتانی لەعیراق، وەکو پێشتریش ئاماژەمان پێدا. بەڵام لەراستیدا بریتانیا بەرژەوەندی گرنگتری لەم وڵاتەدا هەبوو؛ بەتایبەتی لە وەبەرهێنانە نەوتییەکانی عیراقدا، کەبریتانیاپشکێکی بەرچاوی تێدا هەبوو. بەپێی ژێدەرێك پشکی ٧٥،٢٣٪ی کۆمپانیای نەوتی عیراق (IPC) کە لەم ماوەیەدا کۆنترۆڵی زۆربەی کێڵگە نەوتییەکانی عیراقی کردبوو، هی بریتانیا بوو.[٥٠] هەروەها بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی فەرمی کە وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا لە شوباتی ١٩٧٣ ئامادەی کردووە،"یەدەگی نەوتی عیراق گرنگی چاوڕوانکراوی مەزنی" هەبوو. هەر بەگوزارشی ئەم ڕاپۆرتە"بەشداری IPC لە تەرازووی پێدان (میزان المدفوعات)ی" بریتانیا بایەخی خۆی هەبوو.[٥١] بێگومان لەساڵی (١٩٧١)یشدا هێشتا عیراق بڕیاری خۆماڵیکردنی نەوتی نەدابوو.[٥٢]

٤. بریتانیا لەم ماوەیەدا زۆر بەئاگایی مامەڵەی لەگەڵ کورد کردووەو ویستویەتی لەلایەن حکومەتی عیراقەوە بەوە تاوانبار نەکرێ کە پەیوەندی گوماناوی لەگەڵ کورد هەیە. سەرەڕای ئەوەش دەسەڵاتدارانی عیراق لەهەڵوێستی بریتانیا بەرامبەر کورد بەگومان بوون. هەرچەندە لەم بەڵگەنامانە دەردەکەوێ کە بریتانیا هاوکاری کوردی نەکردووە لەدژی عیراق.

٥. دیارە بالیۆزخانەی بریتانیا لەبەغدا هیچ زانیارییەکی نەبووە لەبارەی ناڕازیبوون لەدانانی ئیحسان شێرزاد بەسەرۆکی کۆڕ، یان بەلایەوە سەیر بووە کە وەکو سەرۆکی کۆڕ پەسند نەکرێ، لەکاتێکدا کە ئەو کوردێکی نیشتیمانپەروەری باشە. لەمەدا دەردەکەوێ کە ئەوان لەڕووی سیاسییەوە سەیری مەسەلەکەیان کردووەو ئاگاداری ئەوە نەبوون کە ناوبراو لەڕووی زانستی و تایبەتمەندییەوە بۆ ئەم پۆست وکارە قبوڵکراو نەبوو، وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## بەڵگەنامەی شەشەم:

ئەم بەڵگەنامەیە دوانامەی بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیکە لەوەزارەتی دەرەوەی بریتانیا بۆ سکرتێری ئەکادیمیای بریتانی، سەبارەت بە پەیوەندی بەستنی لەگەڵ کۆڕی زانیاری کورد.ئەمەی خوارەوەش دەقی نامەکەیە:

[لۆگۆی وەزارەتی دەرەوە] بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیك

وەزارەتی دەرەوەو کۆمۆنوێلس

لەندەن ئێس دەبلیو ئێل

تلیفۆن ٠١ —

کەسی

---

دی. ئێف. ئالن، ئی ئێس کیو سی. بی ئێف. بی. ئەی — ئاماژەتان

ئەکادیمیای بریتانی

بێرلینگتۆن هاوس — ئاماژەی ئێمە: ئێن ئی کیو ١/٣

پیکادیللی

لەندەن دەبلیو ئای ڤی ئۆ ئێن ئێس — بەروار ٦ تشرینی یەکەم ١٩٧١

---

تۆ لە ٦ی ئەیلول بۆ منت نووسی لەبارەی د. حیلمی سەربە ئەکادیمیای کوردی. ببوورە کە من نەمتوانی زوو وەڵامت بۆ بنێرمەوە.

باڵیۆزخانەکەمان لەبەغدا ئێستا تێبینی خۆیان بەئێمە داوە. بەگوێرەی مەرجەکانی ڕێکەوتننامەی ئاداری ١٩٧٠، ئەکادیمیای کوردی بەیاسای عیراقی ژمارە (١٨٣)ی ساڵی (١٩٧٠) دامەزرا. ئەویش وەکو "لقی کوردیی ئەکادیمیای زانستی عیراقی" داندرا، بۆ ئەوەی ببێتە "قەوارەیەکی سەربەخۆی خاوەن کاراکتەری یاسایی و سەربەخۆ لەڕووی دارایی وکارگێرییەوە". یاساکە هانی ئەکادیمیاکە دەدات بۆ پاراستن و پەرەپێدانی ڕۆشنبیری کوردی لەڕێگای "پتەوکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەکادیمیای زانستی عیراقی و هەروەها لەگەڵ دامەزراوە ئەکادیمی وڕۆشنبیری وزمانەوانییەکان لەجیهانی عەرەبی و وڵاتانی تر". کەواتە ئەو لەوە زیاترە کە تەنیا بەشێك بێ لەئەکادیمیای عیراقی و هەروەها پێدەچێ هۆکاری ئەوتۆ نەبێ بۆ ئەوەی هەوڵەکانی ئەو لەپێناو بەستنی پەیوەندی لەگەڵ ئەکادیمیای بریتانی، ببێتە هۆی ڕووگرژیی دەسەڵاتدارانی عیراق.

لەسەر ئەو بنەمایە، ئێمە پێمان وایە کە تۆ دەتوانی بەشێوەیەکی قبوڵکراو پەیوەندی لەگەڵ د. حیلمی ببەستی. بەتایبەتی کە پێدەچێ دەسەڵاتی ئەکادیمیای کوردی بۆ دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ ئەکادیمیای تر، لەئاستێکدا نەبێ کە ئەم پەیوەندییانە زۆر بەهێزبن. لەگەڵ ئەمەشدا، لەعیراقدا هیچ شتێك بەردەوام لەپێشڤەچوون دانیە. بۆیە ئەگەر د. حیلمی لەکاتی خۆیدا داوەتنامەیەکی فەرمی پێشکەشکرد کە ئەکادیمیای بریتانی بتوانێ قبوڵی بکات، ئێمە پێشنیازدەکەین کە تۆ هەوڵبدەی وەڵامی فەرمی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دوابخەی، تا ئێمە کاتمان هەبێ بۆ ئەوەی بەتەواوی دڵنیابین کە دەسەڵاتی ناوەندی لەبەغدا هیچ نارەزاییەکی نیە بۆ سەردانێکی پێشنیازکراوی لەمجۆرە. عیراقییەکان بەگومانن و هەروا دەمێننەوە سەبارەت بەهەڵوێستی بریتانیا لەهەمبەر کوردان؛ هەروەها وەکو تۆ گوتت، ئەوە گرنگە کە پێگەی قوتابخانەی شوێنەوارناسی بریتانی تووشی زیان نەبێ.

ئار ئێم ئیڤانس(٥٣)

---

دوای ووردبوونەوە لەم بەڵگەنامەیە دەکرێ ئەم تێبینی و سەرنجانە بخەینەڕوو:

١. ئەم نامەیە وەڵامی کۆتایی بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیکی سەربە وەزارەتی دەرەوەی بریتانیایە بۆ ئەکادیمیای بریتانی، سەبارەت بە پرسی هاریکاری کردن لەگەڵ کۆڕی زانیاری کورد. کەتیایدا هەڵویستی خۆیان لەبارەی ئەم پرسە بەتەواوی ڕوونکردۆتەوە.

٢. لەئەنجامی بەراوردکردنی ئەم بەڵگەنامەیە لەگەڵ بەڵگەنامەی پێشوو، بۆمان بەدیاردەکەوێ بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوە بەتەواوی پشتیان بەزانیاری و ڕێنماییەکانی باڵیۆزخانەکەی بەغدایان بەستووە، بۆ گەڵاڵەکردنی هەڵویستیان سەبارەت بەکۆڕی زانیاری کورد و مامەڵەکردن لەگەڵیدا. چونکە هەمان زانیاری و تێڕوانینیان بۆ سکرتێری ئەکادیمیای بریتانی ڕاگواستووە.

٣. دیارە بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیاش لەوە گەیشتوون کە کۆڕی زانیاری کورد لەوە زیاتر بووە کە لقێکی سەربە دەزگایەکی زانستی تر بێت، وەکو لەیاسای کۆڕدا هاتووە. بەتایبەتی کە لەڕووی یاساییەوە دەسەڵاتی هەبوو پەیوەندی لەگەڵ دەزگا زانستی ورۆشنبیرییەکانی دەرەوە گرێبدا. هەر لەبەرئەوەش پێیان وابوو ڕێی تێناچێ کەدروستبوونی پەیوەندی لەنێوان کۆڕ وئەکادیمیای بریتانی نارەزایی حکومەتی عیراقی لێبکەوێتەوە. لەسەر ئەو بنەمایە بەسکرتێری ئەکادیمیایان ڕاگەیاند کە ئەوان لارییان نیە لەمجۆرە پەیوەندیە. هەرچەندە ئەوانیش پێیان وابوو کە دەسەڵاتی کۆڕی زانیاری بۆ بەستنی پەیوەندی دەرەکی زۆر فراوان نیە.

٤. هەرچەندە بەرپرسانی بریتانی دەیانزانی کۆڕی زانیاری کورد دەزگایەکی زانستی شەرعییەو بەفەرمی لەعیراق دامەزراوە، بەڵام متمانەی تەواویان نەبوو کە پەیوەندیە دەرەکییەکانی بەتایبەتی لەگەڵ ئەکادیمیای بریتانی، لەهەموو بارێکدا لەلایەن حکومەتی عیراق پەسند دەکرێ. چونکە بەگومان بوون لە بەردەوامبوونی ئەم هەڵومەرجەی لەعیراقدا لەئارادا بوو. بۆیە بێجگە لەداواکاری پەسندکردنی بانگهێشتنامەکەی کۆڕ لەلایەن حکومەتەوە، ئەوان دەیانویست پرس وڕا



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بەحکومەتی عیراقیش بکەن پێش ئەوەی شاندەکەی ئەکادیمیای بریتانی سەردانی کۆڕی زانیاری کورد بکات.

سەرەڕای هەموو ئەمانە، پێناچێ هەوڵەکانی کۆڕی زانیاری کورد بۆ بنیادنانی پردی پەیوەندی لەگەڵ ئەکادیمیای بریتانی، بەروبومێکی ئەوتۆی لێ هاتبێتەبەر. چونکە لەسەرچاوەکاندا بەگشتی و تەنانەت لەگۆڤارو بلاوکراوەکانی کۆڕی زانیاریشدا هیچ ئاماژەیەکمان بەرچاوناکەوێ بۆ سەلماندنی هەبوونی ئەم جۆرە پەیوەندیەی کە هەوڵی بۆ دەدرا لەنێوان ئەم دوو دەزگا زانستییە.

## پەراوێز:

---

(١) بڕوانە: ئیحسان شێرزاد، دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورد، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، ١٩٧٣، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد- بەغدا، پەراوێزی ل٣.

(٢) لەبارەی ئەم هەولانە بڕوانە: د. ئازاد عوبێد سالح، کۆڕی زانیاری کورد/ لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ (٣٩)، ٢٠١٧، ل٢٥٦- ٢٥٨.

(٣) بڕوانە دەقی بڕیارەکە لە لە: الجمهورية العراقية، القرارات العامة لمجلس قيادة الثورة/ ١٩٦٨- ١٩٧٧، المجلد الاول، مطبعة العاني، بغداد، بدون تاريخ، ص٥٩٣.

(٤) د.جەمال نەبەز، سەرنجێك لەچەند زاراوەیەکی تازە بەکارهاتوو وکۆڕی زانیاری کورد، گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات/ زانستگای بەغدا، ژمارە (٢٢) ساڵی ١٩٧٨، ل٨٤.

(٥) الاثار الكاملة للدكتور احمد عثمان ابوبكر، اعداد: د. ازاد عبيد صالح، الجزء الثانى، مؤسسة ژين، السليمانية ٢٠١٠، ص٢٨٣-٢٨٤.

(٦) ئازاد عوبێد، کۆڕی زانیاری کورد/ لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە، ل٢٥٨.

(٧) بڕوانە دەقی خاڵەکانی بڕیارەکە (یان: ڕێکەوتننامەکە) لە: الجمهورية العراقية، القرارات العامة لمجلس قيادة الثورة/ ١٩٦٨- ١٩٧٧، المجلد الاول، ص٥٩٩- ٦٠١؛ هەروەها: قرارات مجلس قيادة الثورة المنحل الخاصة بالكورد وكوردستان، اعداد وترتيب: أ.د. جبار قادر و طارق جامباز، مطبعة الحاج هاشم، اربيل ٢٠١٣، ص٤٦- ٤٨.

(٨) ئیحسان شێرزاد، دامەزراندنی کۆڕی زانیاری...، ل٣.

(٩) د.مارف خەزنەدار، ڕۆژگاری من/ کەمێك ئاشتی و بڕێك هێمنی ١٩٦٨- ١٩٧٥، بەرگی پێنجەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر ٢٠١٠، ل٧٠- ٧١؛ هەروەها: ئازاد عوبێد، کۆڕی زانیاری کورد/ لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە، ل٢٥٧- ٢٥٨.

(١٠) بڕوانە دەقی ئەم یاسایە لە: (الوقائع العراقية)، الجريدة الرسمية للجمهورية العراقية، عدد (١٩١٧)، ٨ ايلول ١٩٧٠، ص١-٣؛ گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم بەشی یەکەم، بەغدا ١٩٧٣، ل٧٤٢- ٧٤٧.



Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

(١١) ئیحسان شێرزاد، دامەزراندنی کۆڕی زانیاری...، ل٤.

(١٢) بڕوانە: الاحتفال التأسيسى للمجمع العلمي الكردي، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم بەشی یەکەم، بەغدا ١٩٧٣، ل٧٦٥- ٧٦٦.

(١٣) د. کەمال مەزهەر، پوختەی کارەکانی کۆڕ لەخولی یەکەم و دووهەمیدا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم بەشی یەکەم، بەغدا ١٩٧٣، ل٣٢٢؛ ئیحسان شێرزاد، سێ ساڵ لەتەمەنی کۆڕ، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی دووەم بەشی دووەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٤، ل٥-٦. شایانی باسە لەم ووتارەی دواییدا بەرواری کۆبوونەوەکە بەهەڵە نووسراوە (١٧-٣-١٩٧١)، لەکاتێکدا ڕاستەکەی ئەوەیە کە لەووتاری یەکەمدا هاتووەو ئێمەش لەسەرەوە نووسیومانە. چونکە ١٧-٣ بەرواری هەڵبژاردنی دیوانی سەرۆکایەتی بوو لەکۆبوونەوە هاوبەشەکەی کۆڕی ناوبراو لەگەڵ کۆڕی زانستی عیراقی.

(١٤) بۆ ووردەکاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: کەمال مەزهەر، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٣- ٣٢٩.

(١٥) بۆ نمونە بڕوانە: د. جەمال نەبەز، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٩ بەدواوە؛ مارف خەزنەدار، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١- ٧٢.

(١٦) لەبارەی کارەکانی کۆڕ بڕوانە: کەمال مەزهەر، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٢- ٣٤٦؛ هەروەها بڕوانە ڕاپۆرتی سەرۆکی کۆڕ بەزمانی عەرەبی لە: گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی دووەم، بەشی دووەم، بەغدا ١٩٧٤، ل٢٨٣- ٢٩٠.

(١٧) ڕۆژگاری من...، ل٧٢.

(١٨) بڕوانە: عەزیز ڕەشید ئاکرەیی، لەدایکبوونی دەستەی کوردی کۆڕی زانیاری عێراق، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق "دەستەی کورد"، بەرگی حەوتەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا ١٩٨٠، ل٣.

(١٩) تا ساڵی ٢٠٠٢ گۆڤارەکەی پێشوویان دەرکردووە، بڕوانە: گۆڤاری کۆڕی زانیاری "دەستەی کورد"، بەرگی ٢٩-٣٠، چاپخانەی کۆڕی زانیاری، بەغدا ٢٠٠٢.

(20) http://kurdish-academy.com/index.php/یادەربارەی ئەکادیم

(٢١) بڕوانە دەقی یاساکە لە: گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم بەشی یەکەم، بەغدا ١٩٧٣، ل٧٤٣.

(٢٢) ئێستا ناوە کۆنەکەی بۆ گەڕاوەتەوەو پێیدەگوترێ پوتروسبۆرگ.

(٢٣) کەمال مەزهەر، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣٣- ٣٣٥.

(٢٤) هەمان سەرچاوە، ل٣٣٥- ٣٣٦.

(٢٥) بڕوانە ڕاپۆرتی سەرۆکی کۆڕ بەزمانی عەرەبی لە: گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی دووەم، بەشی دووەم، بەغدا ١٩٧٤، ل٢٨٩، ٢٩٠.

(26) B.N.A, FCO 17/1531, Near Eastern dpt., no.NEQ 1/3, a letter of introduction for dr.Hilmi of Kurdish Academy.

(٢٧) بڕوانە وێنەی ئەم بەڵگەنامەیە لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

(٢٨) ئەكادیمیا لەبنەڕەتدا زاراوەیەکی یۆنانییەو لەناوی (ئەکادیمیۆس) وەرگیراوە کە قارەمانێکی ئەسینایی بووەو باغێکی بۆ کۆبوونەوەی فەیلەسوفەکان تەرخانکردبوو. لەمەوە زاراوەی (ئەکادیمیا) بووە ناوی هەر کۆمەڵ وجێگەیەك کە بۆ فێربوون وگفتوگۆ تەرخانکرابێ. ئازاد عوبێد، کۆڕی زانیاری کورد/ لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە، ل٢٤٢.

(٢٩) بڕوانە دەقی یاسای ژمارە (١٨٣)ی ساڵی ١٩٧٠ لە: (الوقائع العراقية)، الجريدة الرسمية للجمهورية العراقية، عدد (١٩١٧)، ٨ ايلول ١٩٧٠، ص١-٣؛ گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم بەشی یەکەم، بەغدا ١٩٧٣، ل٧٤٢- ٧٤٧.

(٣٠) لەم بارەیەوە بڕوانە: د.ئازاد عوبێد ساڵح، کۆڕی زانیاریی کورد/ کارو چالاکییەکانی ١٩٧٠- ١٩٧٨، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ٤٠، هەولێر ٢٠١٨، ل١٥٢- ١٥٦.

(٣١) الاثار الكاملة للدكتور احمد عثمان، الجزء الثانی، ص٢٨٤.

(٣٢) مارف خەزنەدار، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١.

(٣٣) کەمال مەزهەر، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٣- ٣٢٤.

(٣٤) شاخوان عبدالله صابر، رفيق حلمي/ دراسة تأريخية فی نشاطه السياسي والثقافي، السليمانية ٢٠٠٧، ص٣١. بۆ زانیاری لەبارەی ڕەفیق حیلمی بڕوانە هەمان سەرچاوە.

(٣٥) کۆمۆنوێلس (Commonwealth): ئەم زاراوەیە لەڕووی واتاوە لەدوو ووشەی (Common = هاوبەش) و (wealth= سامان) پێکهاتووە کە دەکاتە سامانی هاوبەش. بەڵام مەبەست لێی ڕێکخراوی ئەو وڵاتانە بوو کەپێشتر لەژێر دەسەڵاتی ئیستعماری بریتانیا دابوون، لەگەڵ ئەو هەرێمانەی کە لەو دەمەدا لەژێر پاراستنی ئەو وڵاتە بوون. ئەو وڵات و هەرێمانە کەمێژوویێکی هاوبەشیان هەیە، لەچوارچێوەی هاریکاری ئابووری و هەندێ بەرنامەی گەشەپێدانی هاوبەش کۆبوونەتەوە، بۆیە ئەم ناوەیان لێنراوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە سایتی:

https://www.marefa.org/كومنولث_الامم

(36) B.N.A, FCO 17/1531, Near Eastern dpt., no.NEQ 1/3, a letter from secretary of the British academy to R.M. Evans, 6 September 1971.

(٣٧) بڕوانە ماددەی یەکەمی ئەم یاسایە لە: گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم بەشی یەکەم، بەغدا ١٩٧٣، ل٧٤٢- ٧٤٣.

(٣٨) ڕۆژگاری من...، ل٧٢.

(٣٩) سەرنجێك لەچەند زاراوەیەکی...، ل٨٤.

(٤٠) ڕۆژگاری من...، ل٧٢.

(٤١) هەمان سەرچاوە، ل٧١- ٧٢.

(٤٢) دیپلۆمات و شوێنەوارناس وگەڕیدەی بریتانی (گیرترۆد بیل) لە ١٤ی تەموزی ١٨٦٨ لەباکووری ئینگلتەرا لەدایکبووە و لە١٢ی تەموزی ١٩٢٦ لە بەغدا مردووە. ئەو ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لەدەزگای بەڕێوەبەرایەتی بریتانی لەعیراقدا. هەروەها چەندین نووسینی هەیە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكولینێن كوردی

محمد يوسف ابراهيم القريشي، المس بيل وأثرها في السياسة العراقية، مكتبة اليقظة العربية، بغداد ٢٠٠٣.

(43) http://www.etana.org/node/4464

(٤٤) بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ئەم قوتابخانەیەو پێشهاتەکانی دواتری، بڕوانە:
https://www.almaghribtoday.netتعرف-على-الحياة-المضطربة-للمدرسة-البريطانية-للاثار-في-العراق
شایانی باسە ئەم قوتابخانەیە لە ١٢ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٧ ناوەکەی گۆڕا بۆ (پەیمانگەی بریتانی بۆ توێژینەوەی عیراقی) بۆ ئەوەی ناوەکەی لەگەڵ فراوانبوونی ئەرکەکانی بگونجێت. http://www.etana.org/node/4464

(٤٥) سي، جى، ادموندز، كرد وترك وعرب/ سياسة ورحلات وبحوث عن الشمال الشرقي من العراق ١٩١٩-١٩٢٥، ت: جرجيس فتح الله، دار اراس للطباعة والنشر- اربيل ومنشورات الجمل - بيروت- بغداد، ط١ ٢٠١٢، ص١١.

(٤٦) بڕوانە: هەمان سەرچاوە.

(47) B.N.A, FCO 17/1531, Near Eastern dpt., no.NEQ 1/3, a letter from R.M. Evans to secretary of the British academy, 16 September 1971.

(48) B.N.A, FCO 17/1531, Near Eastern dpt., no.NEQ 1/3, a letter from Veronica Beckett to British Embassy in Baghdad, 16 September 1971.

(49) B.N.A, FCO 17/1531, Near Eastern dpt., no.NEQ 1/3, a letter from British Embassy in Baghdad to Veronica Beckett, 25 September 1971.

(٥٠) د. عبدالمنعم عبدالوهاب، النفط بين السياسة والاقتصاد، منشورات مؤسسة الوحدة للنشر والتوزيع- الكويت، مطبعة دار نشر الثقافة، القاهرة ١٩٧٧، ص١٠٣، ١٠٥.

(51) B.N.A, FCO 8/2089, Near Eastern dpt., no. NBR 1/1, Diplomatic report no. 175/73 (Iraq: Annual review for 1972), February 1973.

(٥٢) عیراق لە (١)ی حوزەیرانی سالی ١٩٧٢ بڕیاری خۆماڵیکردنی موڵکەکانی کۆمپانیای نەوتی عیراقی دا. بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: عبدالمنعم عبدالوهاب، المصدر السابق، ص٣٣٧.

(53) B.N.A, FCO 17/1531, Near Eastern dpt., no.NEQ 1/3, a letter from R.M. Evans to secretary of the British academy, 6 October 1971.

# لیستی سەرچاوەکان:

## یەکەم: بەڵگەنامەکان:

### أ- بەڵگەنامەی بلاونەکراوە/ئەرشیفی نیشتیمانی بریتانیا (B.N.A):-


- FCO 17/1531, Near Eastern dpt., no. NEQ 1/3, a letter of introduction for dr.Hilmi of Kurdish Academy.
- FCO 17/1531, Near Eastern dpt., no. NEQ 1/3, a letter from secretary of the British academy to R.M. Evans, 6 September 1971.
- FCO 17/1531, Near Eastern dpt., no. NEQ 1/3, a letter from R.M. Evans to secretary of the British academy, 16 September 1971.

- FCO 17/1531, Near Eastern dpt., no. NEQ 1/3, a letter from Veronica Beckett to British Embassy in Baghdad, 16 September 1971.
- FCO 17/1531, Near Eastern dpt., no. NEQ 1/3, a letter from British Embassy in Baghdad to Veronica Beckett, 25 September 1971.
- FCO 17/1531, Near Eastern dpt., no. NEQ 1/3, a letter from R.M. Evans to secretary of the British academy, 6 October 1971.
- FCO 8/2089, Near Eastern dpt., no. NBR 1/1, Diplomatic report no. 175/73 (Iraq: Annual review for 1972), February 1973.

**ب: بەڵگەنامەی بڵاوکراوە:-**

- یاسای ژمارە (١٨٣)ی ساڵی (١٩٧٠) ناسراو بە: (قانون المجمع العلمي الكردي/ یاسای کۆڕی زانیاری کورد)، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم بەشی یەکەم، بەغدا ١٩٧٣، ل٧٤٢- ٧٤٧.
- الجمهورية العراقية، القرارات العامة لمجلس قيادة الثورة/ ١٩٦٨- ١٩٧٧، المجلد الاول، مطبعة العاني، بغداد، بدون تاريخ.
- قرارات مجلس قيادة الثورة المنحل الخاصة بالكورد وكوردستان، اعداد وترتيب: أ.د. جبار قادر و طارق جامباز، مطبعة الحاج هاشم، اربيل ٢٠١٣.

**دووەم: گۆڤارو ڕۆژنامە:**

- گۆڤاری کۆڕی زانیاری "دەستەی کورد"، بەرگی ٢٩-٣٠، چاپخانەی کۆڕی زانیاری، بەغدا ٢٠٠٢.
- (الوقائع العراقية)، الجريدة الرسمية للجمهورية العراقية، عدد (١٩١٧)، ٨ ايلول ١٩٧٠.

**سێیەم: یادداشت:**

- د.مارف خەزنەدار، ڕۆژگاری من/ کەمێك ئاشتی و برێك هێمنی ١٩٦٨- ١٩٧٥، بەرگی پێنجەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ٢٠١٠.

**چوارەم: کتێب:**

- الاثار الكاملة للدكتور احمد عثمان ابوبكر، اعداد: د. ازاد عبيد صالح، الجزء الثانى، مؤسسة ژين، السليمانية ٢٠١٠.
- سي، جى، ادموندز، كرد وترك وعرب/ سياسة ورحلات وبحوث عن الشمال الشرقي من العراق ١٩١٩- ١٩٢٥، ت: جرجيس فتح الله، دار اراس للطباعة والنشر- اربيل ومنشورات الجمل - بيروت- بغداد، ط١، ٢٠١٢.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینێن کوردی

- شاخوان عبدالله صابر، رفيق حلمي/ دراسة تأريخية فى نشاطه السياسي والثقافي، السليمانية ٢٠٠٧.
- د. عبدالمنعم عبدالوهاب، النفط بين السياسة والاقتصاد، منشورات مؤسسة الوحدة للنشر والتوزيع- الكويت، مطبعة دار نشر الثقافة، القاهرة ١٩٧٧.
- محمد يوسف ابراهيم القريشي، المس بيل وأثرها في السياسة العراقية، مكتبة اليقضة العربية، بغداد ٢٠٠٣.

## پێنجەم: وتار وتوێژینەوە:

### أ- بەزمانی کوردی:-

- د. ئازاد عوبێد ساڵح، کۆڕی زانیاری کورد/ لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ (٣٩)، ٢٠١٧.
- ـــــــ، کۆڕی زانیاریی کورد/ کارو چالاکییەکانی ١٩٧٠- ١٩٧٨، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ٤٠، هەولێر ٢٠١٨.
- ئیحسان شێرزاد، دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورد، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد- بەغدا، ١٩٧٣.
- ـــــــ، سێ ساڵ لەتەمەنی کۆڕ، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی دووەم بەشی دووەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٤.
- د.جەمال نەبەز، سەرنجێك لەچەند زاراوەیەکی تازە بەکارهاتوو وکۆڕی زانیاری کورد، گۆڤاری کۆلیجی ئەدەبیات/ زانستگای بەغدا، ژمارە (٢٢) ساڵی ١٩٧٨.
- عەزیز ڕەشید ئاکرەیی، لەدایکبوونی دەستەی کوردی کۆڕی زانیاری عێراق، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق "دەستەی کورد"، بەرگی حەوتەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا ١٩٨٠.
- د. کەمال مەزهەر، پوختەی کارەکانی کۆڕ لەخولی یەکەم و دووهەمیدا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم بەشی یەکەم، بەغدا ١٩٧٣.

### ب- بەزمانی عەرەبی:-

- الاحتفال التأسيسی للمجمع العلمي الکردي، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم بەشی یەکەم، بەغدا ١٩٧٣.
- تقریر رئیس المجمع العلمي الکردي، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی دووەم، بەشی دووەم، بەغدا ١٩٧٤.

## شەشەم: سایتی ئینتەرنێت:

-تعرف-على-الحياة-المضطربة-للمدرسة-البريطانية-للاثار-في-العراق
- https://www.almaghribtoday.net
- http://www.etana.org/node/4464
- http://kurdish-academy.com/index.php/یادەریارەی ئەکادیم
- https://www.marefa.org/كومنولث الامم



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

# المجمع العلمي الكردي فى عدد من الوثائق البريطانية


## الملخص:

قام المجمع العلمي الكردي فى اب ١٩٧١ بإرسال (د. پاكزة رفيق حلمي) كمبعوث الى الاكاديمية البريطانية فى لندن، لتقديم مبادرة للتعاون بين المؤسستين. وذلك فى إطار محاولاتها لاقامة العلاقة مع المؤسسات العلمية في خارج العراق. ولكن الجانب البريطانى وضعالمسألة تحت وطأة العلاقات الدولية، كما يظهر من الوثائق الموجودة لدينا. تشير تلك الوثائق الى ان قسم الشرق الادنى التابع لوزارة الخارجية والسفارة البريطانيه فى بغداد،قد بحثا المسألة مع الاكاديميه البريطانية، وناقشا أبعاد ونتائج العلاقة المقترحة. وعند دراسة الرسائل المتبادلة بين تلك المؤسسات، يمكننا القول بأن الاكاديمية البريطانية وجدت مصلحة فى عقد العلاقة مع المجمع العلمي الكردي، بشرط ان لايترتب على ذلك أية عواقب سلبية على أعمال ونشاطات (مدرسة الاثار البريطانية في العراق). أما مسؤولي وزارة الخارجية فلم يمانعوا إقامة تلك العلاقة، ولكنهم ارادوا مصادقة الحكومة العراقية عليها. وذلك رغم ان الجانب البريطانى كان يرى بأن العلاقة المقترحة سوف لن تكون مهمة وجوهرية.

وعلى صعيد آخر، فإن الوثائق الموجودة لدينا تشير عموما الى إن مسؤولي وزارة الخارجية البريطانية كانوا على قناعة بأن العلاقة المقترحة سوف لن تثير المسؤولين العراقيين. ولكن نظرا لعدم ثقتهم بإستمرار الوضع السياسى القائم في العراق، فإنهم كانوا حذرين في خطواتهم وكانوا يريدون تقييم الوضع في العراق وأخذ موافقة الحكومة العراقية، قبل إتخاذ أية خطوة بهذا الاتجاه. وكان البريطانيون حريصون فى تلك الفترة على علاقتهم مع العراق، وذلك نظرا لبقاء مصالحهم الاقتصادية فيها، وخاصة في مجال الاستثمارات النفطية. ولذلك لم يعاضدوا الحركة الكردية في العراق خلال تلك الفترة. بالرغم من ذلك فإن السلطات العراقية كانت تنظر بعين الشك الى موقفهم فيما يتعلق بالقضية الكردية. على أية حال فإن الاكاديمية البريطانية قد نالت أخيرا موافقة الوزارة الخارجية للتعاون مع المجمع العلمي الكردي، ولكننا لانجد أية إشارة الى قيام العلاقة المرجوة.



***الكلمات الدالة: أكاديميا، ثقافة، تأريخ، بريطانيا، وثائق.***

# The Kurdish Academy in a number of British documents


## Abstract:

As a part of its attempts to establish relations with scientific institutions outside Iraq, in 1971, the Kurdish Academy sent Dr. Pakiza Rafiq Hilmi as the delegate to British Academy in London, to offer an initiative for cooperation between the two Academies. But the British side put the case under the influence of international relations, as evidenced by a number of British documents. These documents indicate that Near Eastern Department in the Ministry of Foreign Affairs and the British Embassy in Baghdad, discussed the issue with the British Academy, and studied the dimensions and consequences of the proposed relationship. By studying the exchange letters between these institutions, we can say that the British Academy found an interest in the relationship with the Kurdish Academy. As long as this does not have any negative consequences for the British School of Archeology in Iraq. The Foreign Affairs officials also did not prevent this relationship, but they wanted the approval of the Iraqi government. Even though the British side believed that the proposed relationship would not be substantial.

On the other hand, our documents generally indicate that UK Foreign Office officials were convinced that the proposed relationship would not excite Iraqi officials. However, because they were not sure of the ongoing political situation in Iraq, they were cautious in their steps and wanted to evaluation the situation in Iraq and take the approval of the Iraqi government, before taking any step in this direction. During this period, the British were keen on their relationship with Iraq, given their economic interests, especially in the field of oil investments. And therefore did not support the Kurdish movement in Iraq during that period. Nevertheless, the Iraqi authorities were skeptical about their position on the Kurdish question. However, the British Academy has finally gained the approval of the Ministry of Foreign Affairs to cooperate with the Kurdish Academy, but we find no indication of the desired relationship.



***Keywords:*** *Academy, Culture, History, Britain, Documents.*